# ژنان

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئێران

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

March 2023 گوڵانی ١٤٠٢

ژمارە ٦٠





ئیئتیلاف، یەکیەتیی و یەکریزی لە ئێرانی فرە گەلیدا

حەسەن حاتەمی

ئەرکەکانمان لە شۆڕشی ژینا

موژگان عەلیپور

ژن، ژیان، ئازادی و خوێندنەوەیەکی کورت

ماریا وەیسی

پیلانی ژەهراویکردنی قوتابییەکان و شۆڕشی ژینا

ڕەسووڵ سوڵتانی

ڕێز لە کێ دەگیردرێ!

ئاسۆ مینبەری

تێڕوانینێک سەبارەت بە پرسی دەستدرێژیکردن لەسەر زیندانیان

رامیار سەرحەدی

بەلووچیش وەک کورد ئازایانە بەرپرچی زوڵمیان دایەوە

شەهلا کاوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی

www.rabari.org







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ژمارە٦٠ی گۆڤاری «ژنان»

### پێرستی بابەتەکان


- ٣ـ ئەرکەکانمان لە شۆڕشی ژینا
- ٤ـ ئیئتیلاف، یەکیەتیی و یەکڕیزی لە ئێرانی فرەگەلیدا
- ٦ـ لە «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان»، هەتا «شۆڕشی ژینا» (دیمانە)
- ٨ـ پیلانی ژەهراویکردنی قوتابییەکان و شۆڕشی ژینا
- ١٠ـ ڕێز لە کێ دەگیردرێ!
- ١١ـ پەیامی یەکیەتیی ژنان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان
- ١٢ـ ژن، ژیان، ئازادی و خوێندنەوەیەکی کورت
- ١٣ـ دریژەی پەیام بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان
- ١٤ـ بەلووچیش وەک کورد ئازایانە بەرپەرچی زوڵمیان دایەوە
- ١٦ـ تێڕوانینێک سەبارەت بە پرسی دەستدرێژیکردن لەسەر زیندانیان
- ١٨ـ بێدەنگی لە بەرامبەر ستەمێکدا، هاودەستییە لەگەڵ ستەمکاردا
- ٢٠ـ تۆڵەی گران
- ٢٢ـ شۆڕشی ژینا، چی بۆ ژنان پێبوو؟
- ٢٦ـ عەشقێکی لەبیرنەکراو و زامێکی هەتاهەتایی
- ٢٧ـ کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «لەیلا قادری»
- ٢٨ـ چاوەروانی!!!!
- ٢٩ـ پەخشان
- ٣٠ـ چاپی «کابووس» و شۆڕشی ژینا
- ٣٢ـ کاریگەریی هونەرمەند ناسر ڕەزازی لەسەر بزاڤی ڕۆژهەڵات
- ٣٤ـ چەند دێڕ لەسەر «کتێبی ژینای ئازادی» لەلایەن نووسەری کتیبەکە
- ٣٥ـ پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە



بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان: y.jnan.dk.@gmail.com
٠٠٩٦٤٧٥١٨٧٧٠٠٩٣
بۆ پێوەندیگرتن بە بەڕێوەبەرانی گۆڤار پێوەندی بەم ژمارەیە بگرن
٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٢٣٧١٠٩


## دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «ژنان»


بەڕێوەبەری گۆڤار: نەسرین یوسفزادە

نووسەرانی ئەو ژمارەیە

موژگان عەلیپپور
حەسەن حاتەمی
ڕەسووڵ سوڵتانی
ئاسۆ مینبەری
ماریا وەیسی
شەهلا کاوە
رامیار سەرحەدی
هەردی سەلیمی
باوان کرماشانی
نەسرین یوسفزادە
تریفە فاتیحی
کوێستان عومەرزادە
شەهرام سوبحانی
و..... چەند هاوڕێی دیکە کە

هاوکارانی ئەو ژمارەیە:
ڕەند زارعی
تەها ڕەحیمی
شەهلا حاجیڕەحیمی

کاری فەنی

دیزاینی ناوەرۆک:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ
عەلی شەهدی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەرکەکانمان لە شۆڕشی ژینا



مۆژگان عەلیپوور

٦مانگ لە شۆڕشی ژینا تێدەپەڕێ، ئەو شۆڕشەی کە بە کوشتنی ژینا دەستی پێکردووە کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە و شەقامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاند و گەیشتە ئاستی جیهانی.

ئەو ڕاپەڕینە سەرلەبەری ئێرانی گرتەوە و توانی بە ڕەهەندە جیاوازەکان داواکارییەکانی هەموو نەتەوەکان لەخۆ بگرێ و ئەو داواکارییانە سنووری ئێرانی بڕی و پانتایی نێودەوڵەتیشی بەخۆوە گرت و بووە هۆی بنیاتنانی پارادایمێکی نوێ کە هەموو چین و توێژەکانی لە دەوری یەک ئامانج کۆکردەوە.شۆڕشی ژینا ئەگەر بۆ ئێمەی کورد خاوەندارێتی لە شوناسی نەتەوەییمان بوو، توانیشی ببێتە ڕەمزی کۆکردنەوە و یەک هەڵوێستی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان.

شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» وێڕای هەموو ئاستەنگەکان چەند قۆناغی بڕیوە و لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوامە و ئێستا هەمووان دەرک بەو ڕاستییە دەکەین کە ژنانەبوونی ئەو شۆڕشە و هێما و گوتارەکانی و ڕێبەری کردنی ئەو خەباتە لەلایەن ژنانەوە بەو بەرینییە و کۆکردنەوەی هەموو نەتەوەکانی ئێران بۆ ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ زوڵم و ناحەقییەکانی ڕژیمی ئێران بوو کە توانی سەرەنجی دونیای نێودەولەتی زۆر زوو بۆلای خۆی ڕابکێشێ و جێی پەسەند بێ.

شۆڕشێک کە لەهەمان خاڵی جیاکەرەوەوە و فەرەنەتەوەیی بووبی ئیران و جیاوازی داواکاری و بیروبۆچونەکان، دەستی پێکرد و لە هەمان شوێن هەمووانی لەدەوری یەک کۆکردەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» مۆدێرنترین شۆڕشی ئەو سەردەمەیە کە سەرەڕای ژنانەبووبی توانیوییە هاوکات مافە یەکسانی و نەتەوەییەکانی بێنێتە گۆڕێ و لە بواری هزری و سیاسییەوە ڕێنێسانس بکات. ئەگەرچی ئەو شۆڕشە تەنیا فمنیستی نەبوو، بەڵام دەتوانێ بە مۆدێلی نوێی خۆی ئولگویەک بێ بۆ هەموو ژنانی جیهان و شۆڕشی فمینیستی بردۆتە قۆناغێکی دیکە و بە گرینگییەوە دەبێ سەیر بکرێ.

قورسایی ئەو شۆڕشە و قوربانیدانی لەسەر شانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ژنانی کورد بووە کە ئەو ڕەوتە لە بەرنگاری لەگەڵ سەرکوت و تواندنەوە لەلای ئێمەی کورد هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە دەستی پێکردووە هەرئەو بناغەیەش بووەتە هۆی ئەوەی لەو قۆناغە نوێیە لە خەبات دا ژنانی کورد مۆرکی خۆیان لەو شۆڕشە بدەن و جێی پەنجەیان دیاربێ. ژنانی مافخوازی سەرشەقامەکان، دایکانی شەهید، هاوسەر و خوشکی شەهید بە هەڵویستەکانیان شوناسێکی مۆدێڕن و کوردی بەو شۆڕشە بدەن کە ئەوە ئەرکەکانمان قورس دەکا و دەبێ لە بەرانبەر خوێندنەوەکان هەستیارتر بین.

خاوەندارێتی لە شوناس و کەرامەت کە پەیامی ڕوونی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادییە»، پێویستە وەک خۆی بچێتە دەرەوەی بازنەی ئێران و ئێستا کە کۆمەڵگەی جیهانی بە ڕێزەوە گوێ لەو داواکارییانە دەگرێ، دەبێ یەکگرتوو یەک دەنگ بۆ ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە هەوڵ بدەین و ئێستا کە مێژووی ئەو ئازایەتییانە دەنوسینەوە هاوکات بۆ پاراستنیشیان لەئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی هەوڵ بدەین.

دەبینین لەدوای شۆڕشی ژینا لایەنە سیاسییەکان لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا هەولی لێک نیزیکبوونەوە و ڕێکەوتنێک دەدەن کە لەو پێوەندیەشدا کۆمەڵێک مەنشوور دەرچوون کە تا ئێستاش هیچیان نەیانتوانیوە وڵامدەری ویستەکانی خەڵک بن، بەڵام ئەوەی خاڵی جێی سەرەنجە غایب بوونی ژنانی بە گشتیی لەو گۆرەپانەیە و ئەوەندەی کە پێویستە نەتواندراوە کەڵک لە توانایی ژنان لەو بەشە وەرگیردرێ و هاوبەشی ژن و پیاوی کەمتر پێوە دیارە کە ئەو هاوبەشی و یەکگرتوویی لە پەیامە سەرەکییەکانی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی»یە.


ئێستاکە ئەو دەرفەتە جیهانییە بۆ هێنانەگۆڕێی ویست و داخوازییەکان هەیە، پێویستە ژنانی ئێرانیش لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکان لەدەوری یەک کۆببنەوە و بۆ داهاتووی ئێران ئیتلاف پێک بێنن و داخوازییەکانیان بە شێوەیەکی نوێخواز و مۆدێڕن کە لە پەیامەکانی شۆڕشی ژینا و داواکاری خەڵک هاتبوو، کۆبکەنەوە و هەوڵ بدرێ ئەو داواکارییە هاوبەشانە هاوشان لەگەڵ ئەو مەنشور و بڵاوکراوانەی دێنە دەرێ، بچێتە پێشێ.

بێگومان ڕێکەوتن یان مەنشورێک کە بتوانێ سەرکەوتوو بێ پێویستە ڕێکخراوە مەدەنیی و سینفییەکان کە چین و توێژەکانی لەخۆ گرتووە، وێڕای هێزە سیاسییەکان تێیدا بەشدار بن و لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەو شۆڕشە و گونجاندنی داخوازییەکانی خەڵک بازنەی ئەو ڕێکەوتنە گەورەتر بکرێتەوە تا هەموو لایەکانی ئێرانی نوێنەری نەتەوەکانی تێدا جێ بکریتەوە و لەوێدا ڕێز لە مافەکانی هەموان بگیردرێ. ئەوەی کە لەگەڵ ئەو خاڵانەی باسمان کرد دەتوانێ مافەکانی ژنان لە داهاتووی ئێران مسەوگەر بکا، لەمەیداندا بوون و یەکگرتوویی ژنانە.

پیرۆز بێ شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئیئتیلاف، یەکیەتیی و یەکڕیزی لە ئێرانی فرەگەلیدا



حەسەن حاتەمی




دوای نزیکە ٦ مانگ لە شۆڕشی ژینا (مەهسا) ئەمینی، لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران تێدەپەڕێ. ئەو شۆڕشە مەزنە کە ژنان و کچان لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەبات و بەرخۆدان بە دژی ڕێژیمی ئاخوند-سپاییدان، وەزە و هەستیارییەکی زۆر گرینگی بۆ پیاوان و کوران کە خوازیاری ئازادی و مافی مرۆڤن، پێک هێناوە و بۆتە هۆی ئەوە پێکەوە ئەو دوو توێژە، بە تایبەتی مێرمندالان و لاوان، بەدەستی بەتاڵ و گیان لەسەر دەست، پێشمەرگەی شەقام و تێکۆشەری مەیدانی دژی سەرەڕۆیی و توتالیتاریزمی ئیسلامی سیاسی شیعەی دەسەلاتدار بن.

لەنێو ئۆپۆزیسیۆن و نارازییەکاندا، باس و خواسی مشوورخۆری لە وەزعییەتی شۆڕش و خەبات لە دەرەوەی ولات پتر لە پێشوو پەیدا بووە. لەنێوخۆ بەداخەوە بەهۆی سەرکوت و تەپەسەریی توند و بێبەزییانە و جینایەتکارانەی ڕێژیم، ئیمکانی بەشداریی ڕێبەریی مەیدانی، زیندانییە سیاسییەکان و چالاکانی ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکان، بواریان پێنادرێ.

لە دەرەوەی ئێران، بەپێچەوانەی نێوخۆ، دەتوانێ بوار بۆ بەشی زۆربەی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و زیندانییە سیاسییەکانی بەرابردوو برخسێ، و هەوڵ بدرێ جۆرێک ئیئتیلاف یا یەکیەتیی و یەکڕیزی دروست بکرێ، بەڵام چوونکە سەرەتا لایەنگرانی سەڵتەنەت و شا ویستان، و کەسایەتییە ناحیزبییەکانی فارس و ژمارەیەک نافارسیش، هەوڵیان دا، حیزب و ڕێکخراوە بە ڕابردوو و خەباتکارەکان، سڕ کەن و هەڵاوسن و چەند کەس لە ڕێبەرەکانیان، وەک تاک لە حیزب و ڕێکخراوەکان بێنە دەرە و لە چوارچێوەیەک دا، یەکیەتییەک دروست کەن کە، هەم لە حیزبایەتی و ڕێکخراو بەدوور بن، هەم پاوانخوازیی ئێرانی و "یەک پارچەیی" بکەن بە پیوانەی بنچینەیی و لە "واقعییەتی گەلانی ئێران" بەفەرمیی و ناسینی مافەکانیان خۆ ببوێرن.

بۆیە لە دوایین ڕۆژ و شەوی ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا، ٦ کەس توێتێکی وەک یەک یان بە جیا، دوای ساڵ نوێ بوونەوە، لە ١٢ی نیوەشەوێ بەرەوە بەیاندا، بلاوکردەوە. لەو توێتەدا، ناوەکانی "رضا پهلوی، مسیح علی نژاد، علی کریمی، نازنین بنیادی، حامد اسماعلیون و گلشیفتەی فراهانی" هاتبوون. ئەوانە دروشمی سەرەکیی "ژن ژیان ئازادی" یان لابردبوو، و پتر "همبستگی"یان زەق کردبوۆە.

ژمارەیەک لە ڕاگەیەنەرە گشتییە زۆر چالاک و پڕ بینەرەکان، ئەو توێتەیان سەرەتا بەجۆرێک "ئیئتیلاف"ی ئۆپۆزیسیۆن ناوبرد. داوایان لە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان کرد، بچنە ژێر ئەو "چەترە نوێیە". بەڵام پشتیوانی نەکردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و کەسایەتییە بەرچاو و ناسراوەکان، لە لێدوان و لە شیکردنەوەی ئەو کردەوەیەدا، و لە تاریفی ئیئتیلافدا، کە دەبێ حیزب و ڕێکخراوەکان پێکەوە بە تەوافوق بگەن، ئەوکات دەتوانن ئیئتلاف ساز بکەن؛ ژمارەیەک لەو ناوبراوان کوتیان: ئەو توێتانە "همصدایی"ی و "همدلی"ن، نە "ئیئتیلاف".

لەیادی سێیەمین ساڵوەگەڕیی تێرۆریسمی ئاسمانی فڕۆکەی پی ئێس ٧٥٢ ی ئۆکرانیی لە تۆرێنتۆی کانادا گوترا: ٢٠ کەس لە کەسایەتییەکان پێوەندییان لەگەڵ گیراوە و چەند کەس وەڵامیان داوەتەوە و بەشداری کۆبوونەوەیەک دەبن کە کاک عەبدووڵڵای موهتەدیش، یەک لەوانە. ئەو هەوڵەش نە تەنیا جێی نەگرت، بەڵکوو لە ٦ کەسی پێشووی ئاماژە پێکراویش لە توێتی دووهەم لە ٢٥ ژانویەدا، بوون بە پێنج کەس و حامیدی ئیسماعیلیوون، هاوبەشی نەکردن.

دواتر دیاردەی "من وکالت میدهم" بۆ "رضا پهلوی" بانگەوازی بۆ کرا و شەپۆلێکی تەبلیغاتی بەربەرینی بۆ وەڕێ خرا. باس و دەمەتەقەیەکی زۆری لەسەر دروست بوو کە ئاکامەی دوای ١٠ ڕۆژ، پتر لە ٤٠٠ هەزار دەنگی پێدرا. ئەو کردەوەیە سێهەم شکستی پێری سەڵتەنەت خواز و پاونخوازان لە ماوەیەکی کورت بوو.

لە ڕەوتی شۆڕشی نوێی ژینا(مەهسا) دا، لە تێکۆشانی زۆر ئازایانەی گەلانی ئێران بە تایبەتی لاوان و چین و توێژەکانی دیکە کە ژمارەیەکیان بەداخەوە، ژیان و گیانیان لەسەر دانا؛ هەڵوێستی زۆر بوێرانە و سیاسییانە و بەرپرسانەی مەولەوی عەبدولحەمید لە بەلوچستان و مامۆستا سوونییەکان لە کوردستان و مەلەوی گرگیج لە تورکمەنستان لە نێوخۆ زۆر جێی سەرنجن. ئەو بەڕێزانە لە ڕوانگەی ئیسلامی مەدەنییەوە، داوای ڕەوای نەتەوەیی و ویست و خواستی گەلان و زۆربەی چین و توێژەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەکانی ئێران باس دەکەن، بۆ ئەوەی ئیسلامی سیاسی دەسەڵاتداریی دژی ئازادی، دژی ژنان و کچان و دژی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی نەرم و ژێر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێژانە لە قاو بدەن و بەرەی گەلانی ئازادیخواز و ماف ویست بەهێز بکەن.

هەروەها هەڵویستیی نوێی میر حوسێنی مووسەوی کە ئەو ڕێژیمە دەبێ بگۆڕدرێ و ڕاپرسی ئەنجام درێ و یاسای بنچینەیی لەلایەن "مجلس مؤسسان" بنووسرێ، دوای ١٢ ساڵ دەستبەسەریی خۆی و هاوژینەکەی زەهرا ڕەهنەوەرد، دابرانێکی گرینگ بوو. پشتیوانی ٧ زیندانی سیاسیی لەو هەڵوێستە، نیزیکەی ٥٠٠ کەس بەدوو وەجبەی جیاواز، کە ژمارەیەکیان کاربەدەستانی پێشووی نیزام بوون و پشتیوانی مەولەویی عەبدولحەمید لەو هەڵوێستە کە گوشاریی یەکیەتیی ئورووپا بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، هەنگاو گەلێک بوون کە ڕێژیم ناچار بوو، کەمێک پاشەکشە بکا و گۆیا، نزیکەی ٥ هەزار زیندانی ژن و کچ، پیاو و کوڕ بە بیانووی ٢٢ ی ڕێبەندانی ١٤٠١، ئازاد بکا.

برگەیەکی دیکەی هەوڵەکان، لە ڕێکەوتی ١٠ی فیوریە ٢٠٢٣ لە زانستگەی جورج تاوانی واشینگتۆنی ئەمریکا ئەنجام درا. بۆ یەکەمین جار، ڕەزا پەهلەوی، نازەنینی بونیادی، مەسیحی عەلینژاد و حامیدی




ئیسماعیلیون پێکەوە کۆبوونەوە، و شیرینی عیبادی، عەبدوڵلای موهتەدی، گوڵشیفتەی فەراهانی و عەلیی کەریمی- بە یەکەوە- بە ناردنی دەنگی سکایپی بەشدار بوون، هەتا سەبارەت بە "آینده دموکراسی در ایران" لە ژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بە زمانەکانی فارسی، ئینگلیسی و کوردی لە ئافیشەکە دا نووسراوبوو، قسە بکەن. لەودانیشتنەدا کە ڕەزا پەهلەوی ویستی خۆی زۆر بە بەر پرس بزانێ نەخشە ڕێگایەکە دیاری بکا، بەڵام بە بڕوای من هەوڵی‌دا، شکستی "من وکالت می‌دهم"- دەکا بە دەرەبوو بکاتەوە و قۆناغێکی دیکە دەست پێ بکا. ئەمجاریش

بە وتەی "اتوبوس مجانی" هەوڵی پاوانخوازی سیاسی دا، کە باش نەبوو.

کردەوەیەکی دیکە، "پیمان همکاری شورای مدیریت گذار، حزب مشروطه ایران (لیبرال دموکرات) و شورای ملی تصمیم"ە کە لە ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەممەی ١٤٠١ (٢٣ ی فوریەی ٢٠٢٣) پێک هاتووە. ئەو حیزب و پێکهاتانە، شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" بە سەر وەرزێکی نوێ لە ئێران دەزانن، و دەڵێن: بۆ جۆرێک نەخشە ڕێگەیەک بۆ خۆش کردنی هاوکاری، هاودەنگی و جۆرێک ئێتیلاف هەوڵ دەدەن.

دیمەنی "ئەمری واقیع" سەبارەت بە ئێتیلاف ئێستا پتر چەند بلووکییە. یانی کۆماریخوازیی، کە کۆمەڵێک حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتیین کە لایەنەکانی چەپ و موجاهدینی خەڵقن. سەڵتەنەتخواز و نەتەوەخواز. ئێمەی کورد لە سێ پێکهاتەی، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، هاوپێوەندی بۆ ئازادیی و بەرانبەری لە ئێراندا و شوورای دیمۆکراسی خوازان تا ڕادەیەکی زۆر هاوبیروبۆچوون و کۆدەنگین.

لە بەرەبەری ٨ مارس، ڕۆژی جیهانی ژناندا، کە بەداخەوە پتر سێ مانگە هێرشی شیمیایی بۆ سەرقوتابی و خوێندکاری کچ کراوە و ئەوپەڕی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ئەنجام دراوە، چەند ڕێکخراوی ژنانیش هەوڵ دەدەن لە کۆبوونەوکانیان دا، سەبارەت بە ئێتیلاف و کۆدەنگی دەنگی بدوێن. لەو بارەیە دا، لە ڕێکەوتی ٥ ی مارسی ٢٠٢٣ وێبینارێک لە زووم سەبارەت بە "ئێئتلافی ژنان بۆ هاوبەشی سیاسی بەرانبەر" ٢٢ ژنی تێکۆشەر و چالاکی بزووتنەوەی ژنان لە نێوخۆی ئێران و دەرەوە بەشداربوون. لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش خاتوو گوڵاڵە شەرفکەندی بەشدار بوو. لە دیوی قسە و باسی تویتێری "کوردستان وڵاتی من" دا، لە ٧ ی مارس بەڕێز موژگان عەلیپوور، وتەبێژی یەکیەتیی ژنان بەڕێوە چوو. لەو ژوورەدا، لەسەر هاوپیوندی نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی بەرایی لە ئێران و دووره دێمەنەکان باس کران، و لە ٨ ی مارس یش لە کلاب هاوسی "نیهادی هاوپێوەندی کۆماریخوازان"




سەبارەت بە "شۆڕشی ژنانە" گیرا کە ١٠ ژن و ٦ پیاو بانگکرابون کە خاتوو موژگان عەلیپوور، تێیدا بەشدار بوو.

ماوەیەکی کورتە باو باوی مەنشوور نووسینە و ئێتیلافی جیدی و بەربەرین جارێ شکڵی نەگرتوە، بەڵام چەند لایەنی کۆمارخواز بە تەمان و جارێ بە ئاکام نەگەیشتوە. تا ئێستا مەنشوورگەلێکی لە نێوخۆ، لەلایەن ٢٠ ڕێکخراوی مەدەنی، خوێندکاران و مامۆستایان زانستگە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ژنانی پێشڕۆ لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، پێنج حیزب و ڕێکخراوی چەپ و نەتەوییی بە هاوپێوەندی "همگام" گەیشتوو. بەڵام لە هەموویان پڕ کێشە و پڕباستر " منشور همبستگی و سازماندهی برای آزادی ایران (مهسا)"یە کە لە نێوان "رضا پهلوی، شیرین عیبادی، عبداللە مهتدی، مەسیح علی نژاد، نازنین بنیادی و حامد اسماعیلیون" لە ڕێکەوتی ١٠ مارس ٢٠٣٠ (١٨ ی ڕەشەممەی ١٤٠١) بڵاو بۆتەوە.

لە کۆی گشتیی ئەو هەوڵانە باسەکانی ئێتیلاف، هاوخەباتی و یەکریزی و مەنشووری لە ئێرانی فرەگەلیدا، پێویستی ڕۆژن کە دەتوانن بۆ داهاتووی چارەنووسی هەمووان، دەور و نەقشی خۆیان بگێڕن. پێشەنگی ژنان و هاوپێوەندی پیاوان و یەکسانی ویستان بۆ "هەموو وەرزەکان" پێویستن.

سەرچاوەکان:

گووگل و ڕادیوی دویچەوێلێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# له «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان»، هەتا «شۆڕشی ژینا»



دیمانە:
شەهلا حاجی‌ڕەحیمی

**لـە بەرەبـەری ٢٤ی ڕەشـەمە و ٧٧ سـاڵ تێپەڕیـن بەسـەر دامەزراندنـی یەکەمییـن ڕێکخـراوی ژنانـدا لەلایـەن پێشـەوای مـەزن قـازی محەممـەد و هاوژینـی خاتـوو مینـا ئەسـکەندری لەلایـەن گۆڤـاری «ژنان»ـەوە دیمانەیەکمـان لەگـەڵ خاتوونـان شـنەدروودگەر و مـوژگان عەلیپـوور سـکرتێر و ئەندامـی ڕێبـەری ئـەو ڕێکخراوەیـە دەبـیٚ**

**١– ٧٧ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانەدا تێدەپەڕێ و هەتا ئێستا ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر پێ بووە، بەبڕوای ئێوە کاری ئەو کاتی بەڕێوەبەران و پێکهێنەرانی ڕێکخراوەیەکی ئاوا کە ژنان بێنێتە گۆڕەپانی ژیان و لەماڵییان بێنێتە دەرێ چ سەختی و ئاستەنگەلێکی بووە؟**

**شنە درودگەر:**

بە بڕوای من لە ڕوانگەی پێشەوا قازی محەممەدەوە، زەروورەتێکی جڤاکی بووە بۆ ئەو سەردەمە، واتە ٧٧ ساڵ لەوە پێش، کە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان دامەزرێنن. چونکە کۆمەڵگەیی کوردی لە ٧٧ ساڵ پێش ئیستادا، کۆمەڵگەیەکی تەواو پیاو سالار و سوننەتی بووە و ژنان تێیدا هیچ شارەزایی و ئاشنایەتیەکیان لەسەر مافە سەرتایەکانی خۆیان نەبووە.

لەڕاستیدا لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی ژناندا، جیهانبینی تێگەیشتنی وڵاتانی پێشکەوتوو گەیشتبوو بەو ئاستە کە، پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگە بە بێ بەشداری ژنان ئەستەمە. هەر بۆیە لە کۆماری کوردستانیش دەرک بەو واقعییەتە کراوە یەکیەتیی ژنان دامەزراوە تا بتوانێ لەو سەردەمەدا ژنانی کورد لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و وەکوو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی سەردەم، لەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان ئاشنا بکات و چیدی ژن لە چوارچێوەی ماڵ و منداڵدا قەتیس نەکرێتەوە.


ئەو هەنگاوەی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد لە ڕاستیدا وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کورد و ئێراندا، چوونکە نیزیک بە ١٧ ساڵ دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی ژنان، حکوومەتی ڕەزا شا مافی دەنگدانی لە ئێران بە ژن دا.

بۆیە بە بڕوای من دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بوو بە بنەمایەک بۆ هاتنەدەری ژنان لە بازنەی ماڵەوە و هاوکات ئاوێتەبوون بە جیهانی کار و سیاسەتدا. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە ژنانێکی بوێر و کاریگەر سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە، ژنانی کورد گەیشتن بەو ئاستە کە جگە لە کاری ڕێکخراوەیی، لە شوێنە ئیداری و گەشتیارییەکاندا کار بکەن و تەنانەت وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە و لە نەخۆشخانەکاندا کاری پەرەستاری بکەن تەنانەت لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بنووسن و پەنجە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن.



**موژگان عەلیپوور:**

دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بەژنان لەو سەردەمە کە ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگە بۆ بەشداری ژنان لە کاروباری وڵاتدا زۆر لەخوارێ


ساز کردنی حزبی دموکرات
( لەلاین ژنانی کوردستان )
روزی جمعه ٢٤-١٢-١٣٢٤ لەلاین بای پیشوای کوردستان لەزماریکی زور لەیایەکانی تیگەیشتوی کوردستان گیردرایەوە ولەساتی ٣ پاش نیوەرو لەانجمنی فەرهەنگی کوبونەوە وبسەروکەتی بای پیشوای کوردستان ( بای مینای [illegible] ) حزبی دیموکرانی ژنانی کوردستان دامەزرا وژماریکی زور لەیایان نیونوسیان کرد ومانگانەی ئەندامەتیان لەتمەنیك تادەتمەن وەئەستو گرت .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووە، شاکاری یەکەم حکومەتی کوردی و زانایی سەرۆککۆماری ئەو حکومەتە، پێشەوا قازی محەممەد بووە.

بێگومان دامەزرانی ڕێکخراوێک کە ژنان لەکۆمەڵگەیەکی پیاوسالار هان بدات بۆ هاتنە دەرەوە و خوێندن و بەشداری لە کاروباری سیاسی، ئاسان نەبووە و یەکەم بەربەست ئەو بیرە کۆنە و چەقبەستووییە بووە کە بە ئاسایی نەبینراوە کە ژنان کاروباری ڕێکخراوەیی بکەن، بەڵام ئەوەی پێشەوا قازی محەممەد لە بنەماڵەی خۆیەوە ئەو هەنگاوەی هەڵگرت و ڕچەشکێنییەی کرد توانی کاریگاری باشی هەبێ بۆ پێوەستبوونی ژنانی دیکە و ئەگەر بیتوانیبایە بەردوام بێ و درێژە بە چالاکییەکانی بدا بێگومان پەلوپۆی دەهاویشتە شارەکانی دیکەی کوردستانیش و هەنگاوی گەورەی هەڵدەگرت.

**٢- بەبڕوای ئێوە لەم سەردەمەی ئێستادا ڕێکراوی «یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران» لەو شۆڕشەدا کە بەناوی شۆڕشێکی ژنانە و شۆڕشی ژینا ناسراوە، توانیوێتی هاوسەنگ لەگەڵ ویست و خواستی ژنانی کوردستان و ئێران جێی خۆی لەنێو ئەواندا بکاتەوە؟ و تا چەندە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە؟**

ئەم ڕێکخراوەیە، بنەما و دەسپێکی خەباتی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

بە بڕوای من ئەو خەباتەی کە ئێستاش ژنان درێژەی دەدەن و بەڕێوەی دەبەن، درێژەی ئەو خەباتەیە کە ٧٧ ساڵ لەوە پێش بەردی بناغەی بۆ دانراوە و مەیدانداری بۆ کراوە.

کەوابوو، ئەو ڕابردووە دوور و درێژ و پڕ ئەزموونەیە وای کردووە کە، لەم قۆناغەی خەبات کە ژنانی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران تێیدا دەجەنگن، ژنی کورد بە چاونەترسی و ئاگاهییەوە، پێشەنگایەتی شۆڕش بکات و زیاتر لە هەرێمەکانی دیکەی ئێران بێتە مەیدان و داوای مافی خۆی بکات و لەو پێناوەشدا بێ باکانە قوربانیی بۆ بدات.

دەمهەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە، ڕاستە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان لەم قۆناغەی شۆڕشدا، واتە لە شۆڕشی ژینادا، لە ناوخۆ و بە شێوەی فیزیکی حزووری نیە، بەڵام هۆکار و پاڵنەر بووە لە بردنەسەری ئاستی ڕۆشنبیری ژنی کورد و هەر ئەوەش وایکردووە کە ژنانمان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا و تەنانەت لە کاری ڕێکخراوییدا، سەروگەردنێک سەروی ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان هیچ ئاستەنگێک نەتوانێ هەنگاویان پێ شل بکاتەوە.



تویژەکانی لەخۆگرتبوو و هەرئەوەش بووە هۆی گشتگیربوونی ئەو شۆڕشە.

ژنانی کوردستان لەو شۆڕشە مێژوویەکی جیهانییان تۆمارکرد و زۆر باش توانیان ویستە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان لەو شۆڕشە بێننە گۆڕێ و زۆرێک لە سنووربەندییەکانیان شکاند و توانیان خەباتی یەکسانی و مافخوازی پێکەوە گرێ بدەن و ئەو داواکارییانەش بگەیێننە ئاستێکی نێودەڵەتی و ئۆلگویەکی باشیش بوو بۆ ژنانی ئێران ونەتەوەکانی دیکە کە ئەوانیش خواستەکانیان بەرۆژتربکەن و بێهێننە گۆڕێ.

ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان لەهەموو ئەو دەرفەتانەی کە لە وێستگە جیاوازەکانی خەباتی خۆی هەیەتی، کەڵکی وەرگرتووە تا خزمەت بە شۆڕشی ژینا و پەیامەکانی ژن ژیان ئازادی بکا.

بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە



**شنە درودگەر:**

ڕێکخراوەیی یەکیەتی ژنان بە درێژایی تەمەنی پڕ لە فەخر و شانازیی خۆی، کە پێی نایە ٧٧ـەمین ساڵی دامەزرانییەوە، وەکوو یەکەمین ڕێکخراویی مۆدێرن و سازماندراو لە سەردەمی خۆیدا دێتە ئەژمار. دەتوانم بڵێم دامەزرانی

**مۆژگان عەلیپوور:**

شۆڕشی ژینا شۆڕشێکی هەمەلایەنگیربوو و تەنیا تایبەت نەبوو بە ژنان و مافەکانی ژنان و دەتوانین بڵێین شۆڕشێکی ژنانە بوو کە بە سیما ژنانەکەی ویست و داخوازییەکانی هەموو چین و


و هاوسەنگ بوون ڕێگەیەکی دوورودرێژمان لەپێشە کە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان بەپێی پلان و بەرنامەکانی دەچێتە پێشی و هەوڵ دەدا جێ پەنجەی بە ڕووداوەکانەوە دیاربێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیلانی ژەهراویکردنی قوتابییەکان و شۆڕشی ژینا



ڕەسووڵ سوڵتانی



ژەهراویکردنی قوتابخانەکان، بەتایبەتی قوتابخانەی کچانە لە ئێراندا، دیاردەیەکی نوێیە کە پێش شۆڕشی ژینا شتی وا ڕووی نەدابوو. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەم ژەهراویکردنە چ پەیوەندییەکی بە شۆڕشی ژیناوە هەیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئاوڕ لە حزووری ژنان بدەینەوە لە گۆڕەپانی سیاسەت و چالاکییە مەدەنییەکانی ئێراندا. بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بە گشتی لە هەموو دونیادا یەکێکە لە نوێترین بزووتنەوەکان و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. ئەگەرچی تەم و مژ و تەپوتۆزی دووەم جەنگی جیهانی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم بزاڤەی کپ کرد، بەڵام لە ١٩٦٠ی زایینیدا کە دەیەی بزاڤە نوێیەکانە، بزاڤی ژنانیش بەگوڕ و تینێکی تایبەتەوە سەری هەڵدایەوە و لە ١٩٧٠دا بەرهەمی باش و بە پێزی لێ کەوتەوە. بەڵام ئەو بزووتنەوەیە لە ئێراندا هەر زۆر ساوایە. ئەگەرچی یەکەم بڵێسەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەشرووتە، بەڵام هەتا شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بزووتنەوەی ڕووناکبیریی ژنان هێشتا خۆی بەتەواوی پێناسە نەکردووە. یەحیا ئارینپوور لە کتێبی از صبا تا روزگار ما دا دەڵێ: «لە سەرانسەری دەورانی پاشایەتیی قاجاریەدا هەر باسێک لە ژن و ماف و ئازادییەکانی لەئارادا نەبوو، مەگەر جاروبار بە تەوسەوە ئەگینا کەس هەر باسیشی ناکا.»

لەسەرەتاکانی مەشرووتەشدا، کاربەدەستان و بەرپرسانی میری، بۆ تۆمەتبارکردنی خوێندەواران و ئازادیخوازان لە نێو خەڵکیدا پێیان دەگوتن ئەوانە دژی حیجاب و ڕووپۆشن. چونکە دەیانزانی خەڵک کە نوقمی بیروباوەڕی مەزهەبی بوون، ئەو شتانەیان بەلاوە بڤە و گوناحێکی نەبەخشراو بوو.

هەر لە سەردەمی مەشرووتەدا کە ورده ورده ڕووناکبیران ئەو باسانە دەورووژێنن، بەشێکی زۆر لە ژنانی تاران پشتی پیاوانی ئایینی دەگرن و لەگەڵیان هاودەنگ و هاوهەڵوێست دەبن. تەنانەت وەختێک ڕەزاخان بڕیاری لەچک دارنین دەردەکا، هاودەنگ لەگەڵ پیاوانی ئایین، ژنەکانن کە دەنگی ناڕەزایەتی دەردەبڕن. دواتریش لە شۆڕشی پەنجاوحەوتدا، ئەوە ژنەکان بوون کە شان بە شانی پیاوان پشتیوانییان لە خومەینی کرد و بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دا.

بە ئاوڕدانەوە لەو ڕاستییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە، بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی لە شۆڕشی ژینادا کرا، ڕێنسانسێکی ڕاستەقینە بوو، کە وەکوو بووڵەرزەیەکی چۆن درز و کەلێن دەخاتە دیواری کۆشکێکەوە، ئاوا درزی خستە نێو کۆشکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە. تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی شۆڕشی ژینا، حزووری بەرچاوی ژنان بوو لەو شۆڕشەدا، حزوورێک کە بەپێچەوانەی حزوورەکانی پێشووی ژنان، نەک بۆ پشتیوانی لە ڕوانگەی پیاوسالاری و دامەزراندنی حکوومەتێکی پیاوسالاری، بەڵکوو بۆ شکاندنی ئەو کۆت و بەندانە بوو، وا هەزاران ساڵە لەسایەی هزری پیاومەزنییەوە بەسەریاندا سەپێنراوە. ئەگەرچی زۆر هەوڵ درا شۆڕشەکە لە ویستی سەرڕووتکردن و لەچکدانانیدا کورت بکەنەوە، بەڵام ژنان ئەگەر لەچکیان فڕێ دەدا، وەکوو هێمایەک لە دەسەڵاتێکی داسەپاوی دژەژن و دژەئازادی و دژەمرۆڤ لەچکەکانیان فڕێ دەدا.

حزووری ژن لە شۆڕشی ژینادا، حزوورێکی شۆڕشگێڕانە بوو، کە پاشخانێکی بەهێزی مەعریفیی هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە بیست ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، ڕێژەی ئەو کچانەی بۆ زانکۆکان دەرچوون و بڕوانامەی بەرزیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەرگرتووە، لە زۆر شوێن و بواردا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی کوڕەکان پترە. حزووری بەرچاوی کچان لە زانکۆکاندا، ئەگەر لەلایەک سەلماندنی توانا و بەهرەی حاشالێکراوی ئەو توێژە گرینگ و بنیاتنەرەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، بەلایەکی دیکەشەوە گۆڕانکارییەکی قووڵی لە هزر و ڕوانین و هەڵوێستی ئەواندا دروست کردووە. گۆڕانکارییەک، کە هەنگاونان بۆ گۆڕانە بنەڕەتییە کۆمەڵایی و سیاسییەکانی بەدووی خۆیدا هێناوە. کەوابوو شۆڕشی ژینا، ئەگەرچی ڕاپەڕین بوو لە زوڵم و زۆرداری و نزیک بە نیوسەدە تۆتالیتاریزمی مەزهەبی، بەڵام ئەو شۆڕشە تەنیا شۆڕشێکی ئیحساسی نییە، بەڵکو لە هزری ڕووناکبیرانە و ڕۆشنگەرانە و ئەقلانییەتێکی گۆڕانخوازانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەیەوێ دنیا بەو جۆرە پێناسە بکاتەوە و دایمەزرێنێتەوە کە خۆی دەیەوێ، نەک کۆمەڵێک کەس خۆیانی لێ بکەنە نوێنەری خودا و گەردوون. بە تێگەیشتن لەو ڕاستییانە، تێدەگەین کە بۆچی ئێستا نووکی ڕمب و هێرشەکەی کۆماری ئیسلامی چووەتە سەر قوتابخانەکان و بەتایبەتی قوتابخانەی کچان.

لێرەدا پێویستە ئاوڕێک لە بڕیارەکەی چەند ساڵ لەوەپێشی خامنەیی بدەینەوە کە فەرمانی دا گۆڕانکارییەک بەسەر کتێبەکانی علوومی ئینسانیدا بێنن. ئەو بڕیارە بۆ سانسۆڕ و سڕینەوەی ئەو بەشە لە کتێبەکان بوو، کە تێیاندا باسی یەکسانی و مافی مرۆڤ و ئەقڵ و بەکارهێنانی ئەقڵ دەکرێت. چونکە مرۆڤ کە ئەقڵی خۆی خستە گەڕ، ئیدی لەو هەتیوی و کۆیلایەتییەی لە سایەی بیرنەکردنەوەوە بەسەر خۆیدا سەپاندووە، ڕزگار دەبێ. کە مرۆڤ بیری کردەوە و ئەقڵی خۆی خستە کار، ئیدی ناچێتە نێو بازنەی کۆیلایەتییەوە. ئەوەش ڕێک ئەو شتەیە کە دیکتاتۆر لێی دەترسێ. دەسکاریی کتێبەکانی بواری زانستە مرۆییەکان و ژەهراویکردنی قوتابخانەکان درێژەی یەک سیاسەتن. سیاسەتێک کە دەیەوێ دنیایەکی یەکدەنگ و یەکدەست بخولقێنێ. ئەوان کە دەبینن توێژێکی بەهێز و کاریگەری کۆمەڵ بەرچاوی ڕوون بووەتەوە و، تەنانەت لە نێویاندا کچانێک کە چاوێکیشیان بەهۆی دڕندەیی و جەنایەتی جەنایەتکارانی خامنەیی لەدەست داوە، دیسان کۆڵ نادەن و ڤیدیۆ بڵاو دەکەنەوە و دەڵێن ئەمجارەش دێینەوە شەقام، ئیتر ترسیان لەدڵی دەنیشێ. میکانیزمی پێشگرتن لە خوێندەواربوونی کچان دەبێ چی بێ؟ ئاخۆ دەتوانن بە یاسایەک خوێندن لە کچانە قەدەغە بکەن؟ نەخێر. ئەی دەتوانن بنەماڵەکان بەو قەناعەتە بگەیەنن کچەکانیان نەنێرنە خوێندن؟ دیسان نەخێر. کەوابوو دەبێ میکانیزم و ڕێگەیەک بگرنە بەر، کە خەڵک خۆیان ترسێکیان بکەوێتە دڵ و وردە وردە بەو ترسەوە ئیدی کچەکانیان لە قوتابخانە بگێڕنەوە.

کەوابوو کۆی سیاسەتی ڕژیم لە خوێندەواربوون و ڕووناکبیربوون و یاخیبوونی ئەو توێژەی کۆمەڵی کوردەوارییە کە دەریخست و سەلماندی لە مەیداندا چەندە شێلگیر و پێداگرە و گۆڕانخوازێکی ڕادیکاڵە و بە کەم ڕازی نابێ و لە مەیدانیش پرینگانەوە و کشانەوەی نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئاسۆ مینەری

# ڕێز لە کێ دەگیردرێ!



٤ مانگ پاش کوشتنی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم لە تاران، موعاونەتی کاروباری ژنان و بنەماڵەی دەوڵەتی سێزدەیەم، کۆنگرەیەکی لەژێر ناوی «کۆنگرەی نێونەتەوەیی ژنانی کارتێکەر» بەڕێوە برد.

لە ڕاستیدا پاش کوژرانی ژینا ئەمینی نارەزایەتییەکی بەربڵاو کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە، ئەگەرچی ئەم شەپۆلە لە نارەزایەتییە، سەرەتا دژ بە کردەوەیەکی قیزەون و شەرمهێنەری گەشتی ئێرشاد دەستی پێ کرد بەڵام ئامانجەکەی زیاتر نارەزایەتیدەربڕین بە ڕوانین و کردەوەکانی ڕێژیم بەنیسبەت پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا بوو، بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی بەربڵاوی ئەم نارەزایەتییانە لە میدیا جیهانییەکاندا شەپۆلێکی بەربڵاو لە کاردانەوەکان بەتایبەت لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکانی جیهانی بە دوای خۆیدا هێنا.

هەر ئەم کاردانەوە خێرایەی خودی خەڵک و بەتایبەتیش توێژی ژنان و کەسایەتییە دیارەکانی جیهانیش وای کرد کە کۆماری ئیسلامی دەستەوداوێنی فیلێکی نوێ بێت؛ بۆیە لە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی و ٤ مانگ پاش کوژرانی ژینا و بەردەوامبوونی نارەزایەتییەکان، بۆ وڵامدانەوە بە گوشارە هەمەلایەنەکان گاڵتەجارێکی بەڕێوە برد.

ئەم کۆنگرەیە بە بەشداریی ٣٠٠ میوان لە ٩٠ وڵاتی جیهانەوە بەڕێوە چوو، لە سێ بواری کارئافەرینی، داهێنان و چالاکیی کۆمەڵایەتیدا و بە وتەی خۆیان بە پێوانەی پێوەرە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکان، هەڵسەنگاندن بۆ کەسەکان کرا و لە کۆتاییدا ٧ کەس لەم ژنانە کە بە ژنی کارتێکەر ناسێندران، خەڵات کران.

بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگرەیە لەم دۆخەدا کە کۆمەڵگەی ئێران لە گێژاوی نارەزایەتییەکاندایە و دۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە چەشنێکە کە بە بچووکترین ڕووداو ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمیش دێتە ئاراوە، بەڕێوەبردنی ئەم کۆنگرەیە ئاڵترناتیڤێکی مەحاڵ بۆ پێشگرتن لە ڕووخان و لەناوچوونە، ڕەنگە ڕێژیم پێی وا بووبێت کە بە بەڕێوەبردنی ئەم ڕێورەسمە ئەتوانێ نەختێک لە گوشارەکان کەم بکاتەوە بەڵام لە ڕاستیدا خودی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێورەسمە، وای کرد کە هێرشەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئیسلامی زیاتر ببێتەوە.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لەنێو خودی دەسەڵاتیشدا کۆمەڵێک ڕەخنە لەم کۆنگرەیە گیرا و ناکۆکیی نێوان باڵەکانی سەر بە ڕێژیمی بە دواوە بوو. لەم پێوەندییەدا، کەسایەتییە ڕیفۆرمخوازەکان و لەوانە عەباس عەبدی لە ڕۆژنامەی «اعتماد»دا ڕەخنەی لەم کۆنگرەیە گرت و بە ئاماژەدان بە نارەزایەتییەکان و کاردانەوە جیهانییەکان ئەم کۆنگرەیەی بە کاردانەوەی ئاشکرای بەنیسبەت ئەم ڕووداوانە ناو برد و وتی ژنانی کارتێکەری خۆمان لە زینداندان و ژنانی کارتێکەری ئامریکا و ئافریقا دێن بۆ ئێران! تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک هەمیشە بوونە گۆڕەپانێک بۆ کاردانەوە بەنیسبەت ئەم پرسە و بە شێوازی جیاواز ڕەخنە لە کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دژەژنی ئەم ڕێژیمە گیرا، لەم چوارچێوەیەدا بوو کە ڕۆژنامەی «کەیهان» سەر بە خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم بۆ وڵامدانەوە بە ڕەخنەکان، ڕەخنەگرانی کۆنگرەکەی کردە ئامانج و نووسیی ئەوان تەنیا «ڕیفۆرمخوازەکان»ن و تەنیا ژنانی «چاوشین» و «قژکاڵی ئورووپایی»یان پێ گرینگە!

بەڵام با بچینەوە سەر خودی ڕێورەسمەکە؛ تێچووی ڕێورەسمەکە ڕەخنەیەکی زۆری بە دوای هێنا، بە پێی زانیارییەکان جگە لە پارەیەک کە بۆ خودی ڕێورەسمەکە و تێچووی مانەوەی ٥ ڕۆژی میوانەکان لە هۆتێل خەرج کراوە، تەنیا ٢٠ هەزار یۆرۆ وەکوو خەڵات بە براوەکان دراوە؛ لەم پێوەندییەدا ماڵپەڕی «رویداد ٢٤» ڕایگەیاند کە بوودجەی تەرخانکراو بۆ موعاونەتی ژنان ٣٨ میلیارد و نیوە لە حاڵێکدا کە تەنیا ٢١ میلیارد پارە بۆ ئەم کۆنگرەیە خەرج کراوە! لەلایەکی دیکەشەوە شێوازی جلوبەرگی هەندێ لە میوانەکان بوو بە جێگای باسوخواس و هەر لەم پێوەندییەدا باس لەوە کرا کە شێوازی پۆششی ژینا ئەمینی زۆر زیاتر لەوەی میوانەکانی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ پێوەرە داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی یەکی دەگرتەوە ئەی چۆن بوو کە ژینا لە پێتەختی ئێراندا و لەلایەن پۆلیسی گەشتی ئێرشادەوە درایە بەر لێدان و گیانی لێ ئەستێندرا، کەچی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمــلاوە کۆمــاری ئیســلامی بەفەرمــی و بــە تێچوویەکــی زۆرەوە کەســانێک بانگهێشــتی کۆنگــرە گاڵتەجاڕییەکــەی دەکات کــە بــە هیــچ جۆرێــک لەگــەڵ پێوەرەکانــی خــۆی تەبــا نیــن؟!

بۆیــە لێــرەدا ئــەم پرســیارە دێتــە ئــاراوە کــە ڕێــز لــە کــێ دەگیــردرێ؟!

کۆمــاری ئیســلامی بــاش دەزانــێ کــە بــەرەو لێــواری ڕووخــان ڕۆیشــتووە، ئاوڕدانەوەیەکــی خێــرای ڕووداوەکانــی چەنــد مانگــی ڕابــردوو لــە سەرتاســەری ئێــران و کوردســتان نیشــان دەدات کــە ڕێژیــم نەتەنیا ڕەوایی خۆی لەدەست داوە کە هیچ حیسابێکیش بۆ خۆی و ناوەند و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیشی ناکرێ بەتایبــەت لەلایــەن ژنانــەوە! نموونــەی دیــاری ئــەم حیســاب بــۆ نەکردنــە یەکــەم زارای نیشــتمان بــوو کــە ڕۆژێــک پێــش ٢٢ی ڕێبەنــدان و ڕێپێوانــی گاڵتەجــاڕی ئەم ڕۆژە، لە زیندانی سنە دەرکرا تاکوو بە خەیاڵی خۆیان کەسایەتیی زارا ببەنە ژێر پرسیارەوە و بڵێن ئەوەتا زاراکەتان داوای لێخۆشــبوونی لــە ڕێبەرەکەمــان کردبوو و ڕۆژێک پێش لە ساڵوەگەڕی ســەرکەوتنی شــۆڕشــەکەمان ئــازادمــان کــرد! کەچــی زارا بــە بڵاوکردنــەوەی ڤیدیۆیەک هەموو پیلانەکەی کردە بڵقی ســەر ئــاو و جارێکــی دیکــە زەبوونیــی ڕێژیــم و دامــودەزگا داپڵۆســێنەرەکانی وەبیر ڕێژیم و ڕێبەرەکەشیان هێنایەوە!


لەلایەکی دیکەوە و لەم ڕۆژانەی دواییدا، سپیدە قولیان پاش ماوەیەک زیندانیبوون ئــازاد کــرا و لــە کاتــی هاتنــەدەرەوە لــە زینــدان بــە دەنگــی بــەرز و هــەر لــە بەردەم زیندانی ڕێژیمدا وتی: «خامنەای ضحــاک، می‌کشــیمت زیــر خــاک»، کــە ئەمــە تووڕەبوونــی بەرپرســانی ڕێژیمــی لــێ کەوتــەوە و دوای تێپەڕبوونــی چەنــد کاتژمێر بۆ جارێکی دیکە سپیدە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کرایەوە.

ئــەوەی کــە ســەرنجڕاکێشــە ئەمەیــە کــە هــەم زارا و هــەم سپیدە لــەو ژنانــە بوون کــە لــە ســاڵی ٢٠٢٢ دا بی‌بی‌ســی ئەوانــی لــە ڕیــزی ١٠٠ ژنــی کارتێکــەری جیهانــدا بــە دنیــا ناســاند، ئەمــە لەکاتێکدایــە کــە لــە ڕوانگــەی ڕێژیمــی دژەژنــی ئیســلامیی ئێرانــەوە ئــەم ژنانــە جێگایان بەندیخانــە و دوورخرانــەوە لــە کۆمەڵگەیــە. لــە ڕاســتیدا کۆمــاری ئیســلامی لــە ژنانــی کارتێکــەری ئــەم جوگرافیــا دەســکردەش دەترســێ! دەترســێ لــەوەی کــە زارا دەنگــی ژنانــی کوردســتان بــێ و بــۆ داواکردنــی مافــی سروشــتی و مرۆیــی خوێنــدن بــە زمانــی دایکــی و وتنــەوەی وانــەی نیشــتمان خۆشــەویســتی بــە منداڵانــی کوردســتان، پێشــەنگی ژنانــی کوردســتان بێــت، دەترسێت کــە ســپیدە قولیــان پێشــەنگی ژنانــی مافخــوراوی ئەهــواز و ئێــران بێــت و نەهێڵــێ مافــی کەســیان پێشــێل بکرێــت.

بەڕێوەبردنــی کۆنگــرە گاڵتەجاڕییەکــەی ڕێژیم لە بەفرانباری ئەمساڵدا، جیا لەوەی کە کاردانــەوە بە پرسی ژنان لــە کۆمەڵگە بــوو، کاردانــەوە بــە تێکۆشــانی ئــەو ژنانــە بــوو کــە بــە باوەڕبەخۆبــوون و متمانــە بــە ڕێــگا و ڕێبازێــک کــە بــۆ بەرخــودان دژی ئــەم ڕێژیمــە هەڵیانبــژاردووە، پێگــەی ڕێژیمیــان لــەرزۆک کــردووە. مەرگــی ژینــا و هەمــوو ڕووداوەکانــی ئــەم ٦ مانگــە نیشــانیان دا کــە ژنــان چەنــدە دەتوانــن کارتێکــەر بــن، ژنــان چــۆن دەتوانــن پێشــەنگ بــن و چــۆن دەتوانــن هــۆکاری لەنێوچوونــی دەســەڵاتێکی تۆتالیتــەر بــن کە زیاتر لە ٤ دەیەیە ستەمیان لێ دەکات و پێــی وابــوو ئــەم ئاگــرە بــۆ هەتاهەتایــە لــە ژێــر خۆڵەمێشــدا دەمێنێتــەوە.

هەوڵەکانــی ڕێژیــم لــە چوارچێــوەی ئــەم جــۆرە کۆبوونــەوە و ڕێوڕەســمانەدا نموونــەی ئاشــکرای دەســتەوەســتانی و دۆشــداماویی ڕێژیمــە بــەڵام بێگومــان هیــچ ڕێوڕەســمێکی لــەم چەشــنە ناتوانــێ پێــش بــە بینینــی ڕاســتییەکان بگــرێ و ســەرەڕای هەمــوو پیــلان و ڕێوڕەســمە بــێ ناوەڕۆکەکانیــش ئێســتا هەمــوو جیهــان دەزانــن کــە ڕێژیمــی ئاخونــدی ڕێژیمێکــی دژی مرۆڤایەتییــە و ڕووخانــی ئەتوانــێ گەورەتریــن ڕووداوی کارتێکــەری ســەدە بــێ!

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان



**ژنانی شۆڕشگێڕی کوردستان!**

٨ی مــارس وەبیرهێنــەرەوی مێــژووی خەباتــی ژنــان لــە بەرانبــەر بــە دەســەڵاتی ســەرەڕۆ و دژی ژنانــە لــە جیهــان و ژنانــی ئێرانیــش ســەرەڕای ئــەوەی کــە ژنــان لــە چوارچێــوەی جوغرافیــای ئێــران چ لــە ســەردەمی دەســەڵاتدارێتی بنەماڵــەی ملهــوڕی پەهلــەوی و چ لــە مــاوەی ٤٤ ســاڵەی ڕێژیمــی ئیســلامیی ئێرانــدا، نــە تەنیــا ســەرەتاییترین مافەکانیــان پێشــێل کــراوە و پێیــان ڕەوا نەبینــراوە، بەڵکــوو لــە ســایەی ئــەو دەســەڵاتە ناڕەوایانــەدا هیــچ پێگەیــەک بــۆ ژنــان حیســاب نەکــراوە، تەنانــەت ژن وەکــوو کاڵا ئەژمــار کــراوە و ئــەم تێڕوانینــە کۆنەپەرەستانەش لــە هــزری دواکەوتوویــی دەســەڵاتی تاکەکەســیی دیکتاتۆرەکانــی ئێرانــەوە ســەرچاوەی گرتــووە و ئــەم ڕوانگەیــەش لــە یاســای بنەڕەتیــی ســەرجەم دەورەکانــی دەســەڵاتی ســەپێندراو بەســەر ئــەو وڵاتــە فرە پێکهاتەیــەدا بــە شــێوەی ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ ڕەنگــی داوەتــەوە.

بــەڵام ژنانــی کوردســتان کــە بەشــێکن لــەو کۆمەڵگــە فرەپێکهاتەیــەی ئێــران، لەوەتــەوەی کــورد شــۆڕشــی کــردووە بــۆ مافــە نەتەوەییەکانــی خــۆی، ئەوانیــش بــەردەوام بــۆ دەربازبــوون و ڕزگاربــوون لــەو دۆخــە ســەپێندراوە بەســەریاندا، خەباتیــان کــردووە و لــە بەرانبــەر نەریتــی دواکەوتــوو و یاســای کۆنەپەرەســتی داگیرکەرانــی کوردســتاندا کۆڵیــان نــەداوە.

هەنووکــە کــە شــۆڕشــێک لــە ئێرانــدا بــە شــەهیدبوونی «ژینــا ئەمینــی»، کچــە کــوردی خەڵکــی شــاری ســەقز، لەلایــەن ژنانــی کوردەوە هەڵگیرســاوە و ژنانــی کوردســتان ڕێبەریــی ئــەو شــۆڕشــە دەکــەن کــە هــەم بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کوردســتانی بردووەتــە قۆناغێکــی نــوێ و هەمیــش ئاڵوگــۆڕی بنەڕەتــی لــە خەباتــی ئازادیخوازانــی ئێرانیشــدا پێــک هێنــاوە، بێگومــان ئەمــەش لــە توانایــی ژنانــی کوردەوە ســەرچاوە دەگرێــت کــە مێــژوو و ڕابردوویەکــی بەئەزمــوون و پرشــنگداری خەباتێکــی ڕەوای لــە پشــتەوەیە.

**درێژەی پەیامەکە: ل١٣**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ماریا وەیسی

# ژن، ژیان، ئازادی و خوێندنەوەیەکی کورت

خەبات جۆرێکە لە بەئاگاهاتنەوە، وەستانەوە و بەرەنگاربوونەوە دژی پەراوێزخستن و نکۆڵیکردن. مرۆڤی شۆڕشگێڕ بەهۆی ئەو هۆشیارییەی کە هەیەتی ناڕەزایەتی دەردەبڕێت، دژی ستەم، نایەکسانی و لەدەستدانی مافەکان دەوەستێتەوە، قسە دەکات و گیانی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی بلێسەی هۆشیاری لە بیابانی نەزانیدا نەکوژێتەوە. لەو کۆمەڵگایانەی کە مرۆڤەکان گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ و بەها مۆدێرنە جیهانییەکان هەیە، ناڕەزایەتی بە قورگی ئازادی و دەنگێک لە دژی نایەکسانی دەزانن و هەوڵی بە کۆمەڵایەتیکردنی دەدەن تا دەنگی ناڕەزایەتی بناسرێتەوە.

لە مێژووی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد نیشتمان و مرۆڤ تەوەرەی کاکڵەی سەرەکی و بزوێنەری کۆمەڵانی خەڵک بووە بۆ ڕزگاریخوازی لە ژێر دەسەڵاتی چەوسێنەر و داگیرکەر دۆخی کوردستان و ئێران پێویستی بە تێگەیشتنێکی ئەساسی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتادا دەبێت جیاوازی ڕوانگەی وەسفکەر و نۆرماتیڤ بۆ شرۆڤەی ژینگەی کۆمەڵگا هەتا دیاریکردن و گەیشتن بە ئامانجەکان بەکارهێنین.

ڕوانگەی وەسفکەر هەوڵ دەدات دۆخی هەنووکەیی ئەو شێوازە کە هەیە ڕوونی بکاتەوە و بپرسێت مرۆڤەکان چی دەکەن، ڕوانگەی وەسفکەر لە دیوی پێچەوانەی ڕوانگەی نۆرماتیڤ دایە. ڕوانگەی نۆرماتیڤ دیاری دەکات کە مرۆڤەکان چۆن دەبێت ڕەفتار بکەن بۆ ئەوەی بە بایەخ هەژمار بکرێن و دەپرسێت چی باشترە، ئەگەر بمانەوێت بەراوردێک لە نێوان پرسیارە سەرەکی و ناوەندییەکانی هەریەک لە لقەکانی ئەم دوو ڕوانگەمان هەبێت، دەتوانین ئەم پرسیارانە بەم شێوەیە بورووژێنین:

مرۆڤەکان بەباشی دەزانن چی بکەن؟ چ شتانێک هاتوونەتە ئاراوە و خەڵک چۆن بیر دەکەنەوە؟ ئەم دۆخە چۆن دەگۆڕێت؟ باشتر وایە لەسەر چ بنەمایەک بنیات بنێریت؟ دەبێت مرۆڤەکان چۆن هەڵسوکەوت بکەن؟ یان بە واتایەکی تر چیکەین؟

لە چەند سەدەی ڕابردووی دەسەڵاتداری چەوسێنەری کۆماری ئیسلامی، نەتەوەکان و ژنان، کە بێگومان ناوی گرووپ و لایەنە جیابیرەکانی تریش دەتوانین بهێنین و بە گشتی ژیانی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ، شوناسی کۆی کۆمەڵە جیاوازەکان نکۆڵی لێ کراوە و هەناسەکێشانی بە ئازاری خوڵقاندووە، خاکی کوردستان و مرۆڤی کورد لە بندەستیدا شۆڕشی خۆی بەڕێوە بردووە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەگەڵ دۆخێکی تازە و نوێ بەرەوڕوو بووەتەوە کە دەرکەوتەی تێپەڕبوونە چ لەنێو گوتاری خۆی و چ لە دۆخی باو ئەنجامی هەموو ئەم کردەوانە لە بەشە جیاوازەکاندا نەیتوانیوە خواستراوی لەنێو چالاکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگای کوردی بێت کە دالغەی سەرەکییەکانیان فرەچەشنە. بەرکەوتەی بەشێک لە مێژووی بەرەنگاربوونەوە لە دژی فکری باو و ناوەندگەرا لەسەر پێی ڕاوەستانەکەیەتی کە بەردەوام بووە لەسەر چالاکیی سیاسی_شۆڕشگێڕانە و بەرەنگاری مەدەنی لەنێو و دەرەوەی کوردستان ئاماژە بکەین ئەم مەسەلەیە کوردستان پاڵ دەنێت بۆ بنیاتنانی جەمسەرێکی بەهێزی گۆڕانخواز، دیموکراتخواز و مرۆڤ تەوەر.

لە دەستپێکی شۆڕشی ژینا [فاکتێکی گرنگی پوویایی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی نوێیە کە ئاماژەی پێ دەکرێت] بووە هۆی پێشانگایەتی بەهێز. کۆماری ئیسلامی هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە بە مەرگی [کوشتنی دەوڵەتی] ژینا بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا ببێتە پێشەنگێکی بەهێز کاتێک کە دروشمی ژن ژیان ئازادی لە گۆڕستانی ئایچی سەقز لە لایەن گەلی کورد گوترایەوە.


دروشمی ژن، ژیان ئازادی بووە دروشمێکی جیهانی و یونیورساڵ کە هەستێکی ئازادیخوازانە لەنێو مرۆڤەکان خوڵقاند.

هەر لەم ڕاستایەدا دەبێت پرسی ژنان، نەتەوەکان و دۆخی باو دەرک بکرێت هەتا بتوانین گۆڕانکاری بناغەیی، هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی باڵادەست و پیاوسالار بە هێزی دەنگ کپکراوەکان، پەراوێزخراوەکان ڕوو بدات کە لە هەمان کاتدا شوناسە جیاواز و فرەچەشنەکان وەک خۆیان بمێننەوە لەبەر ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ یەک خەڵک یان نەتەوە ڕووبەڕوو نییە، بەڵکوو لەگەڵ چەندین خەڵک و چەندین نەتەوە بەرەوڕووین، بۆ ئەم مەسەلەیە پێویستە دیدێکی نۆرماتیڤمان بۆ سیاسەت هەبێت کە چی بکەین و چی باشترە؟

پرسی ژن لە کوردستان و ئێراندا پرسێکی جددی، سەرەکی و تێکئاڵاوی ئاڵۆزە، هەڵاواردنەکی بناغەیی لە چەندین ئاست لە جومگەکانی سیاسەت و دەسەڵات، کۆمەڵگا و بنەماڵە هتد... ئەمە وا دەکات هەر بزاڤێک لەوپەڕی هەستیاری و دەرکی و ڕوانینی وردبینانە و شۆڕشگێرانە چالاکی بنەخشێنێت، پرسێک کە لە بوونی خۆیدا ئازادیخوازی و سکولاریزم و یەکسانی بانگەشە دەکات هەر ئەم ماهییەتە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی هێزێکی جیددی بۆ تێپەڕبوون لە دۆخی باودا. پرسە کۆمەڵایەتییەکان یەکێک لە پرسە گرنگەکانی نێو شەقامی کۆمەڵگایە، بەڵام پێویستی بە هەنگاوی جیددی و تێگەیشتنێکی ڕۆشنگەرانە لەنێو هێزە شۆڕشگێڕانەکان هەیە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەلاقەکانی هیوا و ئومێدی ژنان تا دێت دادەخرێن، بەڵام لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کوردستان ژیانەوەیەک سەری هەڵداوە کە پێشەنگێکی بەهێزی شۆڕش لە جوگرافیای دەستکردی ئێراندا بانگەواز دەکات. لە جوگرافیای دەستکردی ئێران، پرسی نەتەوەکان و پرسی ژنان لە یەک راستە هێڵدا سەیر دەکرێن و خاڵی سەرەکی و ناوەندی ئەکتیڤیست و باوەرمەندانی مەیدانی شۆڕشە لە دژایەتی لەگەڵ هێزی باڵادەست و ناوەندگەرا. لەم رووەوە پشتیوانی فکری و کردەوەیی هەر دوو لە فیکرییەتی پێداچوونەوەگەرایی، رەخنەگرانە و شۆڕشگێرانە دژی پێکهاتەوە و بنەمای ستەم گەلی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. هەربۆیە ئەم دوو هێزە بزوێنەرن بۆ بەشداری لانی زۆری کۆمەڵگا لە پرۆسەی شۆڕش و هەروەها هیوای دیموکراتیزەکردنی پێکهاتە و هێنانی بنەمای ئاوزمەند و مرۆڤ تەوەرانەیە بۆ بەختەوەری کۆمەڵگا و رەهایی لە دۆخی سەپاوە و باڵادەست. روانگەی نۆرماتیڤ و روانگەی وەسفکەر تێگەیشتنی بەرهەستتر بە نیسبەت کۆمەڵگە و سیاسەت لە خەباتدا دابین دەکات.

ئەو ئاسۆیە کە دەبینرێت بەبێ هەر چەشنە بیرۆکەی رەخنەگرانە، نوێخواز، دیموکراتخواز ناتوانێت بە ئامانجە دڵخوازەکانی بگات کە جەمسەری ئەم گۆڕانە، سەرمایەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانە، هەر بۆیە چەمکی نیشتمان دۆستی و مرۆڤ تەوەری هەم پرسی نەتەوەیی و هەم پرسە کۆمەڵایەتییەکان وەڵام دەداتەوە و تێگەیشتن و گەڕانەوە بۆ نێوخۆی کوردستان بە هاو پەیوەندی لەگەڵ گەلان و سەرانسەری ئێران دابین دەکات و دەرکەوتەی ئەم بیرۆکەیە لە شۆڕشی ژینا دەبیندرێت کە چۆن هێزە دیموکراتەکان هەوڵی خۆ رێکخستن، هاوپلاتفۆرمی، وانە وەرگرتن لە ئەزموونی شۆڕش و خۆ رێکخستن کورد وەردەگرن.

شۆڕشی ژینا دەرکەوتەی چەندین ساڵەی بەرخۆدانی گەلی کوردە کە ئێستا بووەتە باشقەی ئازادیخوازان لە سەردەمێکدا کە شۆڕشگێری وەک ئەکتێکی ون بوو سەیر دەکرا، بەڵام ئێستا خوێنێکی نوێی بە جەستەی ئازادیخوازان پێشکەش کردووە.

## درێژەی پەیام بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان

٨ی مارسی ئەمساڵ بۆ ژنانی کوردستان و تا ڕادەیەکیش بۆ ژنانی نەتەوە هاوچارەنووسەکانی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بەهۆی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە بە پێشەنگایەتیی ژنان و بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» زۆر جیاوازترە لە ساڵانی ڕابردوو و خەباتی ژنان بۆ مافەکانی خۆیان چووەتە قۆناغێکی نوێترەوە، کە بە جیهانیبوونی دروشمی سەرەکیی ئەم شۆڕشەی ئێستا واتە «ژن، ژیان، ئازادی»، قژبڕینی ژنان لە سەرانسەری جیهان بۆ پاڵپشتیی خەباتی ژنانی کورد و ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ هاتنە گۆڕەپانی خەبات و سەر شەقام، ڕاکێشانی زیاتر و بەرچاوتری کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت ژنان، نموونەی چوونە پێشەوەی خەبانی ژنانی کوردستانە.

ژنان بە ڕێبەریکردنی شۆڕشی ژینا لە سەر شەقامەکانی کوردستان کە بوونە سەرباشقەی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئێران، بوونە هۆی لەرزاندنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جیا لەوەی کە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەرانبەر بە ئەو ڕێژیمە داناوە، دەبینین کە ڕێژیم هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕیسوا دەبێت و ئەمەش دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمەی تووڕە کردووە و کەوتووەتە تۆڵەکردنەوە لە ژنان و کچانی کوردستان و ئێران.

جیا لەو ئامارانەی کە لە ماوەی شۆڕشی ژینا لەسەر قوربانیبوونی ژنانی کوردستان بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران بڵاو بوونەتەوە و ئەم ئامارانەش وەک هەمیشە لە کوردستان و بەلووچستان زۆر زیاتر لە ناوچەکانی تری ئێرانە و بەندیخانەکانی دەسەڵات بوونەتە قوتابخانەی بەرخۆدانی ژنان و کچانی کورد، ڕێژیم لە پیلانێکی نوێدا هێرشی کردووەتە سەر قوتابخانەکانی کچان لە شارەکانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران کە ئەم پیلانە نوێیەی دەسەڵاتی ئاخوندی، لەدژی ژنان و شۆڕشی ژینا هەم نموونەیەکی دیکەیە لە سیمای ڕاستەقینەی ڕێژیمی دژە ژنی ئاخوندی و لەڕاستیدا چاوترسێنکردن و تۆڵەکردنەوەیە لە ژنانی پێشەنگ و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران.

ئێمە وەک یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای ئیدانەکردنی ئەو پیلانە قیزەونەی ڕێژیمی خۆسەپێن و دژەژنی ئاخووندیی ئێران بۆ سەر کچان لە قوتابخەکان، ٨ی مارس لە هەموو ژنانی جیهان، و بە تایبەت ژنانی ئازادیخوازی نەتەوە هاوچارەنووسەکانی خۆمان لە ئێران و بەتایبەتی پیرۆزباییەکی گەرم لە ژنانی ئازا و پێشەنگی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان لە شەقامەکانی کوردستان دەکەین کە بوێرانە شەقامیان بە دژی داگیرکەران کردووەتە سەنگەرێکی لەگیراننەهاتوو و کۆڵنەدەرانە ڕێبەریی ئەو خەبات و شۆڕشەیان بەدەستەوە گرتووە.

شۆڕشی ژینا بە ڕێبەرایەتیی ژنانی کوردستان تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان بەردەوامە.


**بژی ژنانی بوێر و ئازا و ڕێبەرانی شۆڕشی شەقام**

**ژن، ژیان، ئازادی**

**یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەلووچیش وەک کورد ئازایانە بەرپرچی زوڵمیان دایەوە


شەهلا کاوە



**پشتیوانی یاسایی لە مرۆڤ و مافەکانی بەشێکی زۆری کێشەی ژیان چارەسەر ئەکات یانی لە سیستمێکدا کە یاسا پشتیوانی وەک یەک لە پیاو و ژن ئەکات و ئەو پشتیوانییەش بە کردەوە جێبەجێ ئەبێت ئیتر کەس ناتوانێ بەرچاوتەنگانە پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشێت**

نەتەوەی بەلوچ لە ژێر سێبەری چەوساندنەوەی حکوومەتی تاراندا وەک باقی نەتەوە غەیرە فارسەکان بە ئەنقەست لە پەراوێز و دوور لە گەشە ڕاگیراون.

ئەو نەتەوانەی فارس و سەر بە ئایینی شیعە نین وەک ئەوەی تووشی گوناهێکی گەورە بوون لە ئێراندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بۆیە بەداخەوە چ وەک مرۆڤ چ وەک نەتەوە و دەستەیەک کاتێک لە سەختیدا ڕاگیرا و ڕێگەی گەشە و خۆشبژێوی پێ نەدرا و نەیانهێشت بەشداری ڕاستەقینە و چالاکانە لە کاروباری ژیانی کەسیی و کۆمەڵ بکات بڕوای بە خۆی نامێنێت و پێیوایە بێ توانایە، لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە مرۆڤ لە هەژاری و برسێتیدا بمێنێ، ئیتر هەموو دڵەڕاوکێی ژیانی دەبێتە دابینکردنی نان و ڕزگاری لە برسێتی کە ئەمەش زۆر سرووشتییە و حاشای لێناکرێ.

لە ئاوا کۆمەڵگایەکدا هەمووان زیان دەبینن و ژیان و کەرامەت خەوشی تێدەکەوێ لەم نێوانەدا ژنان زیاتر دەشکێنەوە و دووکەڵە خەستەکە زیاتر چاوی ئەوان دەگرێت .

ژنانی نەتەوە بندەستەکان وەها کارەساتگەلێکیان دیتووە و ئێستاکەش دەیبینن کە نابێ بە ئاسانی لەسەریانەوە تێپەڕ بین، ئارامی ژیان وا دەخوازێ بە هەر شێوازێک دەکرێ لە هەر کوێیەک مەجال بوو لێبڕاوانە دیفاع لە کەرامەت و گەشەی ژنان بکرێ، ئەمە تەنیا ئەرکی ژنان نییە چوونکە ژن و پیاو پێکەوە دەتوانن تابلۆی ژیان ڕەنگین بکەن و بەختەوەری کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە حزووری زیندووی ژنانەوە لەو کۆمەڵگایەدا چوونکە بۆشایی حزووری ژنان قەت بە پیاوان پڕناکرێتەوە، هەر وەک چۆن پێچەوانەکەشی ڕاستە و ئەم دوانە پێکەوە دەتوانن مانا بە پرسەکان بدەن هەتا چێژی ژیان لە نێوانیاندا وەک یەک دابەش بێت.

پشتیوانی یاسایی لە مرۆڤ و مافەکانی بەشێکی زۆری کێشەی ژیان چارەسەر ئەکات یانی لە سیستمێکدا کە یاسا پشتیوانی وەک یەک لە پیاو و ژن ئەکات و ئەو پشتیوانییەش بە کردەوە جێبەجێ ئەبێت ئیتر کەس ناتوانێ بەرچاوتەنگانە پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر ڕاکێشێت ڕێژەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان زۆر دێتە خوارەوە چوونکە دەزانن یاسایەکی توند و جیددی بۆ دیفاع لە ژنان هەیە، بەڵام لە سیستەمی دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئێراندا ژن ئەبێ بە تەواوی لە خزمەت پیاو و ملکەچی ئامۆژگارییە شەرعییەکان بێت و تاکۆتایی تەمەنی ئەبێ وەک منداڵێک چۆن بێ ئیزنی گەورەتری ناتوانێ هیچ بکات ئەویش وا بێت ئەوەش گرژی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە زیاد ئەکات و هەرکامەیان هەوڵ بۆ سەرکەوتنی خواستی خۆیان ئەدەن کە زۆرجار ئەنجامی خراپی ئەبێت .

دەستدرێژی یەکێک لەو کارە قێزەونانەیە کە نیشانەی سەرەڕۆیی و دڕندەیی کەسێکە کە لەبەر حەزی پیسی خۆی گوێ ناداتە ئازاردانی کەسی بەرانبەر و بە ئەنجامدانی کارێکی دوور لە ئەخلاق دڵی کەسی بەرانبەری دەشکێنێت .

چەند مانگ پێش هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان ئەویش دیسان لەبەر زوڵم و ناعەدالەتی بەرانبەر بە کچە کوردێک بە بیانووی ئەوەی جلوبەرگی بە دڵی دەسەڵاتدارانی ئێران نەبووە لەشاری تاران گیانی لێ ئەستێندرا لە «چابەهار» فەرماندەیەکی [ نیروی انتظامی] بەناوی «ئیبراهیم کوچەکزایی» دەستدرێژی جینسی ئەکاتە سەر کچێکی ١٥ ساڵانی بەلووچ و ڕژێم ئەیەوێ بێدەنگی لێ بکات و وەک پێویست و بە پێی عادەتی خۆی مافی مافدار بخوات، بەڵام خەڵکی چەساوە و بێبەشی بەلووچ لە مزگەوت ئازایانە بەدەنگ هاتن و داوایان کرد ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرماندەیەی ڕێژیم سزا بدرێت، بەڵام ڕێژیم بە توندترین شێوە خەڵکی دایە بەر دەستڕێژ و ژمارەیەکی زۆری لە خەڵک شەهید کرد و بەلێشاو خەڵکی بەرەو زیندانەکانی پەلکێش کرد کە هەر لەوێشدا دیسان دەستدرێژی و بێڕێزی و شکەنجە دران و لەوەش قەباحەتتر ئەوە بوو کە بە کچە دەستبەسەر کراوەکانیان وتووە کە ئەبێ بڵێن لە مزگەوتی مەکی دەستدرێژیمان کراوەتە سەر لە لایەن پێشنوێژی ئەو مزگەوتە و کەسایەتییە خۆشناوە ئایینییەکانی بەلووچەوە، هەموومان دەزانین کە مزگەوتی «مەکی» و کەسایەتییە ئایینییەکانی ئەو مزگەوتە خۆشەویست و جێگای متمانەی خەڵکن و مزگەوتیان کردۆتە مینبەرێک بۆ ڕاپەڕینی ئازایانەی میللەتی بەلووچ بۆ بەگژداچوونەوەی زوڵمی دەسەڵاتداریتی تاران و ڕێژیم تۆقاوە لە ڕۆژانی هەینی و نوێژی هەینی.

بۆ بێدەنگکردنی دەنگی بەرزی میللەتی بەلووچ خامنەیی داوای لە داروودەستەی کردبوو کە مەولەوی عەبدولحەمید سووک و بێ ئابڕوو بکەن بەڵام نەک هەر پێیان سووک نەکرا بگرە لەکاتی شۆڕشی ژینادا ناوبراوە وەک مەرجەعێکی ڕێبەر و خەمخۆر لەگەڵ نەتەوەکەی دەرکەوت کە ئەمەش ڕسوایی بۆ خودی ڕێژیمی پێوە بوو.

لەسەر ئەساسی یاسای سزای ئیسلامی ئەو ڕێژیمە ماددەی ٢٢٤ و ٢٣٤هەرکەسێک دەستدرێژی بکاتەسەر ژن یان پیاوێک و ئەو کردەوەیە بسەلمێندرێت تاوانبار ئەبێ لە سێدارە بدرێت، بەڵام دەبینین ئەو یاسایە بۆخۆیان ڕەچاو ناکرێت و چوونکە داردەستێکی خۆیان بکەری ئەو تاوانە بووە و ئەویش لە ژێر گوشاری خەڵکدا ١٥ مانگ زیندانی بۆ براوەتەوە بە بارمتە ئازاد کراوە.

دەستدرێژی جینسی لایەنە دەروونییەکەی و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکەی زۆر ئازاربەخشە ئەویش لە کۆمەڵگای ئێراندا و کچێکی کەم تەمەن کە دوای ئەوەی بێڕەحمانە هەست و کەسایەتیی زەخمار ئەکەن و نە خزم و بنەماڵە و نە ژینگەی کە تیایدا ژیاوە ناتوانن قورسایی ئەو ئازارەی وەک پێویست لەکۆڵی بکەنەوە و یارمەتی



**لە «چابەهار» فەرماندەیەکی [ نیروی انتظامی] بەناوی «ئیبراهیم کوچەکزایی» دەستدرێژی جینسی ئەکاتە سەر کچێکی ١٥ ساڵانی بەلووچ و ڕێژیم ئەیەوێ بێدەنگی لێ بکات و وەک پێویست و بە پێی عادەتی خۆی مافی مافدار بخوات، بەڵام خەڵکی چەساوە و بێبەشی بەلووچ لە مزگەوت ئازایانە بەدەنگ هاتن و داوایان کرد ئەو فەرماندەیەی ڕێژیم سزا بدرێت،**

ئاسایی بوونەوە ژیانی بدەن بەڕاستی دەتوانێ بۆ هەمیشە ژیان ئەو کچە قوربانییە بخاتە ژێر سێبەری تاریکی خۆی . لە وڵاتێکی دموکراتیکدا کە مرۆڤ بایەخی هەیە کاتێک کەسێک لە خێزاندا گیانی لەدەست ئەدات زۆرجار دەسەڵات ئەرکدارە لە ڕێگەی دەروونناسەوە هەواڵەکە بدات پێیان و لەگەڵیدا ئارامیان بکاتەوە و یارمەتی درووستی بدات بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە قبووڵ بکات و پاشانیش لەگەڵ ئەو ئازارە ڕابێت و زوو بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی، کۆمەڵگا و دەورە و بەریش هاوکاری کەسە خەمبارەکە دەبن بەڵام لە کۆمەڵگای گەشە نەسەندوودا کە حاکمانێکی لەچەشنی ئاخوندی تێدا حاکمن خۆیان سەرچاوەی تاوان و مەینەتی بۆ کۆمەڵگا و خەڵکن جائێتر لە نێوان ئەو خەڵکیشەدا ئەگەر ژنێک لێی بقەومێ یان مەسەلەی پێوەندیدار بە ئابڕوو و جنسییەتەوە لێی ڕووبدات تەنانەت ئەگەر قوربانیش بێ ژیان و داهاتووی ئاوێتەی مەینەت و مۆتەکە ئەبێت، زۆرجار بینراوە و کە کچە ناچار دەبێ مێرد بە کەسێک بکات کە هیچ خۆشەویستییەکی بۆی نییە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو عەیبە و پەڵە پیسە بەخۆیەوە دابشۆرێ دەبێ ژیانێکی کۆیلایەتی و پڕ لە شکاندنەوە قبووڵ بکات ، کاتی وا بووە کچە بە کەسێکی نوقستان یان ناتەواوی زەینی دراوە، وەک ئەوەی ئەو کچە ئێتر هیچ کەڵک و بایەخێکی نییە و ناچارە هەموو شت قبووڵ بکات، ئەوەیش وایکردووە کچەکە هیچ بڕوای بەخۆی نەمێنێت و تەنیا لەبەر شیرینی گیان و بۆ ئەوەی گیانی لێ نەستێنن شان بداتە بەر ژیانێکی کولەمەرگی و وەک ئەوەی ژیانێک بە کۆمەڵگا و خزمان قەرزدار بێت لەژێر منەتیاندا بە داماوترین شێوە بژی.

مەبەست لە باسی لێکەوتەکانی دەستدرێژی لەسەر کچان ئەوە نییە کە کۆمەڵگاکامان بە تەواوی ئاوا مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا دەکەن، کەسانێکیش هەن زۆر بە جوانی و وەک مرۆڤی سەردەم بە ڕەفتارێکی درووستەوە دەستی کەسی قوربانی دەگرن بۆ هەستانەوە ولە دوای ئەوەش زیاتر لە کەسی ئاسایی ڕێگەی ژیانی تەندرووست و ڕووڵە گەشەی پێ نیشان ئەیەن، بەڵام بەداخەوە ئەوە ڕێژەیەکی کەمە و بۆ دیفاع لە مافی ئەو بەشە زۆرەی کە لە دەستەی یەکەمدا نوقم ئەبن پێویستە هەموو بەرپرسیار نین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تێڕوانینێک سەبارەت بە پرسی دەستدرێژیکردن لەسەر زیندانیان



رامیار سەرحەدی




هەر جار کە هەواڵی دیلکراوانی ئێران دێتە گۆڕێ، باسی دەستدرێژی سێکسیش بە شوێنیدا دێتە سەر مانشێتی هەواڵەکان. دیارە ئەم کردەوە قێزەونە لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانیشەوە هەر بووە و لە زیندانی شایشدا ئەم دیاردە ڕوویداوە، بەڵام ڕێژەی باڵای دەستدرێژی سێکسی لەم ڕێژیمەدا وای کردووە کە ئەو تابۆیە شکاوە و هاواری هەموو قوربانیانی بەرز کردوەتەوە، هەواڵی ئەم دواییەی دەستدرێژی سێکسی سپا بۆ سەر چەند زیندانی بەلووچ هانیدام لە چەند خاڵ دا ئەم کردەوە قێزەونە شی بکەمەوە:

لە ساڵەکانی دەیەی شەستی کۆچیدا مونتەزێری نیگەرانی خۆی سەبارەت بە دەستدرێژی سەر زیندانیانی سیاسی لە نامەیەکدا ڕاگەیاند، ئەوەی دوایی لە زمانی شایەتحاڵەکاندا دەرکەوت ئەوە بوو کە بە دوو هۆکار ئەم کارەیان کردووە: یەکەم پێیان وا بووە ئەو کچە زیندانیانەی کە کچێنی خۆیان پاراستووە نابێ ئاوا ئیعدام بکرێن و دەبێ کچێنیان نەمێنێ و کە بوونە ژن جا حوکمەکەیان بەڕێوەبچێت، دووهەم هۆکار کە ڕەگەزی نێریشی ئەگرتەوە بۆ ڕووخاندنی کەسایەتی زیندانیان و دۆڕاندنی ورەیان، دەستدرێژییان دەکرایە سەر...

میشێل فۆکۆ لە کتێبی «چاودێری و سزادان، لەدایک بوونی زیندان» باس لەوە دەکات کە بەرپرسانی زیندان لە چەندین ئامراز بۆ شکاندنی ورە و کەسایەتی زیندانی کەڵک وەردەگرن، کە قێزەونترینیان دەستدرێژی سێکسییە. بەو واتایەی کە ئەگەر زیندانی خۆڕاگر بێ و دەمی قورس بێ وای لێ دەکەن لە خۆی بێزار ببێ و ورەی بشکێ، زۆرجار ئەبینین کە دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد ئەکرێن ناتوانن لەگەڵ ئەو کردەوەی لەگەڵیان کراوە ڕێک بێن و دەست دەدەنە خۆکوژی.

لە ساڵە سەرەتاییەکانی ڕێژیمەوە وەکوو فێڵی-شەرعی ژنانی زیندانییان سیغە(صیغه) ئەکرد کە نێوی زینای نەخرێتە سەر و جا دەستدرێژیان دەکرد، بەڵام بە ئەزموونێک کە دوای ئەوە دەستیان کەوت حوکمی موحارەبەیان داهێنا کە بە ناوی (موحارەبە لەگەڵ ئیسلام) ناسراوە، بە پێی ئەو حوکمە ئەو کەسەی کە موحارەبە (واتە شەڕ) لەگەڵ دین دەکات، ماڵ و حاڵ و گیانی حەڵالە، بەو پێیە دەکرێ بیکوژن، ئەشکەنجەی بدەن، دەست بەسەر ماڵ و سامانی بگرن یان دەستدرێژی بکەنە سەری، ئیتر وای لێهاتووە کە نێر و مێی بۆ نییە و وەکوو یەکێک لە تێکنیکەکانی ئەشکەنجە کەڵکی لێوەردەگرن.

ئەبینین کە ئەم دیاردە جگە لە ڕێژیمی ئێران لە نێو تاقمە توندڕەوەکانی ئیسلامیشدا هەیە و ئەوان بە جێی دەستدرێژی لە زیندانەدا، نێوی کۆیلەی دەخەنە سەر و بە ئاشکرا کەڵکی سێکسی لێوەردەگرن و بە کڕین و فرۆشتنی دەدەن. بۆیە لە نێو ئەو گرووپانەدا ئیدی باسی (صیغە) و کڵاوی شەرعی نییە و ئەوەی کە پێیان وابێ لەگەڵ بیر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و رایـان ناگونجـێ، بـە کافـری ئەزانـن و گیـان و ماڵـی حەڵاڵـە (بڕواننە کارەساتی ئێزەدیـەکان). لـەم سـاڵانەی دواییـدا لـە سـووریاش چەندیـن هەواڵـی دەسـتدرێژی زیندانیـان دەنگـی دایـەوە، یـان هەمـوومـان شـیعری «کونگـرەی شووشـان»ی عەبدووڵـڵا پەشـێومان لـە بیـرە کـە دەڵـێ:

دوێنێ کۆنگرە بوو...
کۆنگرەی شووشان بوو
هەر وڵاتێک و شووشەیەکی نارد
هەر شووشەیەک و
بەسەرهاتی خۆی پوختە گێڕاوە:

چەند قاوەخانە و چەند ماڵ گەڕاوە،
لەسەر چەند مێزان تاج لەسەر بووە،
چەند دەمی دیوە و چی تێ کراوە!
پێش ئەوەی کۆنگرە کۆتایی پێ بێ
بوتڵێکی ڕەشی
لە سپێدەوە، کڕ و کپ و مۆن
قوت بۆوە و هاتە بەردەم میکرۆفۆن:
‹خوشکان، برایان!
من وەکوو ئێوە سەربردەم نییە،
نە مێزم دیوە، نە کۆڕی یاران
نە گەشتی لادێ، نە باڕی شاران
ڕاستیتان دەوێ؟
ئەو ڕێیە دوورەم بۆیە بڕیوە
تا پێتان بڵێم:
من شووشەی بەعسم
لە پاش و پێشی مرۆڤ بترازێ،
هیچم نەدیوە.. ›

ئەتوانین بڵێین دەسـتدرێژیکردن تاوانێکە کـە لـە ڕووی تووندوتیژییـەوە ئەنجام دەدرێـت نـەک لـە شـەهوەت، ئەوەنـدەی کـە دەبینیـن منـداڵان و بەسـاڵاچووان و پیاوانیـش قوربانـی تاوانێکـی لـەو شـێوەیەن. ئـەم فشـاری جەسـتەییە بـۆ لەناوبردنـی تەرکیـزی دەروونـی زیندانی بەکاردەهێنرێـت. ئەمـەش بـەو مانایەیـە کە ئـەم فشـارانە دەخرێنـە سـەر زیندانی بـۆ ئـەوەی لـە بیروباوەڕەکـەی کـەم بکاتـەوە کـە لـە ڕاسـتیدا هـەر بـۆ ئـەم بیروباوەڕەیـە کـە خراوەتـە زیندانـەوە. هەڵسـەنگاندنی زیندانـی بـۆ خـۆی وەک کەسـێک کـە لەسـەر بیروباوەڕەکـەی جێگیـر بـووە یـان نـا، دەتوانێت کاریگـەری هەبێـت لەسـەر ڕادەی ئـەو ئـازارەی کـە لـە ئەنجامـی ئـەو دەسـتدرێژییە تووشـی دەبێت. ئەمـەش بـەو مانایەیە کە زانسـتی دەروونـی نیشـانی داوە کە پابەندبوون بە بیروباوەڕ و بەهاکانی مرۆڤ، یەکێکە لە هـۆکارە گرنگـەکان کـە ڕۆڵـی پارێـزەری هەیـە لـە سـەقامگیری زیندانیانی سیاسـی.

بـە واتایەکـی تـر بەبـێ گوێدانـە تەمـەن و ڕەگـەز، کاریگـەری و دەرئەنجامەکانـی دەسـتدرێژی سێکسـی لـە سـەرووی لـە هـەر جـۆرە برینداربوونێکـی جەسـتەیی و ئەشـکەنجەیە. زەبـر و زەنگـی دەسـتدرێژی دەتوانێـت وێرانکـەر بێـت. لـەم ئەزموونـەدا کەسـەکە لەوانەیـە هەسـت بـە تـرس و شـەرم و تەنیایـی بـکات، یـان کابـووس ببینیـت، چیتـر هەسـت بـە ئاسـایش ناکات. متمانـەی خـۆی لـە دەسـت ئـەدات. لەوانەیە خـۆی بـە تاوانبـار بزانـێ بـەو شـتەی کـە ڕوویـداوە یـان بـاوەڕ بـەوە بهێنـێ کـە «پیـس» بـووە. لەوانەیـە لەگـەڵ PTSD، دڵەڕاوکـێ و خەمۆکیـدا کێشـەی هەبێـت.

لـە کۆتاییـدا ئەبـێ بڵێـم ئـەو کەسـانەی کـە دەسـتدرێژیان کراوەتـە سـەر. هیـچ سـووچێکیان نییـە و دەسـەڵاتی ئەوەیـان نەبـووە کە پارێزگاری لە خۆیان بکـەن و بەرگری بکەن، بۆیە پێشـنیار ئەکەم هەتا ئەتوانـن باسـی بکـەن و بـە جێـی ئـەوەی شـەرم لـە گێڕانـەوەی بکـەن، بـە بـڵاو کردنـەوەی ئـەم ڕێژیمـە شـەرمەزار بکـەن.

# کۆچی دوایی هاوسەری شەهید دوکتور قاسملو



خاتـوو هێلێـن (نەسـرین) قاسـملوو، هاسـەری شـەهید د. عەبدولڕەحمـان قاسـملوو، سـکرتێری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران ماڵاوایـی لـە ژیـان کـرد.

ڕۆژی هەینـی، ڕێکەوتـی ١٩ی ڕەشـەممەی ١٤٠١ی هەتـاوی خاتـوو هێلێـن قاسـملوو، هاوژینـی شـەهید دوکتـور قاسـملوو کـە لـە نێـو پێشـمەرگەکان و تێکۆشـەرانی حیزبـی دێموکراتدا بە «خوشکە نەسرین» بەناوبانگ بـوو، لـە تەمەنـی ٨٩ سـاڵی و لـە شـاری پاریسـی وڵاتـی فەرانسـە کۆچـی دوایـی کـرد.

خاتوو هێلێن قاسملوو، هاوژینی شەهید دوکتور قاسملوو کە لە تەمەنی ٨٩ ساڵی لە کتێبەکەی «ئورووپاییەک لە وڵاتانی کورداندا» ئاوڕێکی وردی لە ژیان و بەسەرهاتی خۆی لە قۆناغە سەخت و هەڵەموتەکانی مێژووی خەباتی کورد لە ئێران داوەتەوە.

خاتـوو نەسـرین تـا دوا سـاتی تەمەنـی بـە خۆشەویسـتی هاوسـەری شـەهیدی و ڕێبازەکـەی وەفـادار مایـەوە

لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پرسەو سەرخۆشیمان پێشکەش بە بنەماڵەی گەورەی شەهیدی ڕێبەرمان د قاسملو و هەردوو کچەکانی دەکەین

ڕۆحی خوشکە نەسرین شاد و ئارامی وئاسوودەیی بۆ بنەماڵەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بێدەنگی لە بەرامبەر ستەمێکدا، هاودەستییە لەگەڵ ستەمکاردا



هەردی سەلیمی



هەر گوتارێک کە زاڵ دەبێ یا ڕۆژێک لە کۆمەڵگەیەکدا زاڵ بووە، مەرج نییە کە لەگەڵ زاڵبوونیدا ڕەواش بووبێ، گوتاری کۆماری ئیسلامی لە سەردەمانێکدا زاڵ بوو، بەڵام ئایا بە واتای ڕەوابوونیەتی؟ بێگومان وڵامی ئەم پرسیارە نایە. ئازادی و دێموکراسی پرۆژەیەکی ڕەها نین و بەردەوام لە بەردەم گۆڕان و نوێبوونەوەدان و هەمیشە پێویست بووە هێندە جەغزی ئازادی کراوە و کراوەتر بێتەوە، کە هەمووان خۆیانی تێدا ببیننەوە، کەس لەم نێوەدا بێبەش نەبێت. لەوانە کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە یا هەمان LGBT.

کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە یا LGBT چییە؟

ئێمە ڕۆژانە ئەم ناوەمان بەرگوێ دەکەوێ، بەڵام بەپێی کلیشەیەک کە لە مێشکماندا ئاخنراوە، بەسەر ڕاستیی چییەتیی ئەم کۆمەڵگەیەدا باز دەدەین و بەباشی نایانناسین. لێرەدا نامهەوێ بچمە سەر مێژووی ئەم کۆمەڵگەیە، بەڵام پێم باشە بەگشتی و بەکورتی پێناسەیەکمان لەسەر ناسینیان هەبێ. هەرچەند زیاتر لەو چوار پیتەیە بەڵام لێرەدا هەرکام لە پیتەکانی ئێڵ، جی، بی، تی و کیووش – کە من لەسەرەوە نەمهێناوە – دێنینە بەر باس، کە ئاماژە بە کەسگەلێکی جیاواز بە خواستی جیاوازەوە دەکات، بۆ نموونە ئێڵ دەبێتە لێزبیان (ژنانی هاوڕەگەزخواز)، جی، گەی (پیاوانی هاوڕەگەزخواز)، بی، بایسێکشۆڵ (کەسانی دووڕەگەزخواز) و تییش ئاماژەیەکە بە ترەنسجێندەرەکان، واتە ئەو کەسانەی وا پێناسەی باوی دیاریکەر لەسەر ڕەگەزی خۆیان قەبووڵ نییە و دەیانهەوێ خۆیان پێناسەیەکیان بۆ چییەتیی ڕەگەزیان هەبێ و ئەو چاوەڕوانییەشیان هەیە کە کۆمەڵگە پێناسەکەیان بە فەرمی بناسێت. وەک کەسێک کە لە ڕووی ڕواڵەتەوە لە ژنان دەچێ، بەڵام هەست و عاتفە و خواستی خۆی، لە بازنەی پیاوانەدا دەبینێتەوە. ئەم کۆمەڵگەیە تەنیا بەسەر ئەم چوار توێژەدا دابەش ناکرێ و جۆری تریشی زۆرن، بەڵام ئەمانە دیارترینیانن و پیتی کیووش ئاماژە بە کەسانێکە وا هێشتا هیچ پێناسەیەکیان بۆ خواستی ڕەگەزیی خۆیان نییە و لە حاڵی توێژینەوەدان لەسەر خواستەکانی خۆیان.

ئەمە بەکورتی پێناسە و ڕوونکردنەوەیەک بوو لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە کە زیاتر بناسێندرێن بە خوێنەرانمان، بەڵام لێرەشدا دەمەوێ ئاماژەیەک بە گرینگترین کێشە و هەروەها خواستەکانیان بکەم، کەوا هاندەریان بووە بۆ ئەوەی لەم ساڵانەی ڕابردوودا بەتایبەت، بێنە سەر شەقامەکان و حزوور و بوونێکی چالاکیان هەبێ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. لە ڕاستیدا گەر نەمانەوێ زۆر بچینە نێو وردەکاری و ئاماژە بە حاڵەتە جۆراوجۆرەکانیان نەکەین، دەبێ بڵێین ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە لە نەبوونی ئەمنیەت و ئاسایش و هەروەها بەفەرمینەناسینیان دەناڵێنن، چون هەر ئەم بەفەرمینەناسینە ڕێگە خۆشکەرە بۆ پەراوێزخستنیان و پاشانیش پێشێلکردنی مافەکانیان لەلایەن کۆمەڵگەوە، لەبەر ئەوەی پشتگیرییەکی قانوونییان نییە و ئەمەش دەتوانێ زیاتر بیانخاتە بەر ئەگەری ئەزیەت و ئازار و...

خودی ئەو نائەمنییەی لەسەرەوە باس کرا بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر ڕێی ئەندامانی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەیە، دەتوانێ ئەزیەت و ئازارێکی زارەکی بێ هەتا دەگاتە ئەوەی کە ئازاری جەستەیی و سێکسی و هتد بێ. ئەو خەبات و موبارەزەیان وا لە هەموو جیهاندا لە ئارادایە هەر بۆ ئەو پەراوێزخستنە و نائەمنبوونەیان و هەروەها دەستەبەرنەبوونی مافەکانیان دەگەڕێتەوە، وەک باسم کرد بەفەرمینەناسین یەکێک لەو ئامرازانەیە وا زۆر بەسانایی دەتوانێ کۆمەڵە کەسانێکی زۆر لە هەموو مافەکانیان بێبەش بکات، وەک نەتەوەیەک کە بەفەرمی نەناسرێ؛ چون کردەی بەفەرمینەناسین ئەرکدارت دەکا لە بەرامبەر ئەو کەس/ کەسانە/ کۆمەڵگە/ نەتەوەیەدا؛ بەپێچەوانەکەشی هاوتایە لەگەڵ سڕینەوەیان. ئەوەی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سالانێکە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە بە شێوەی جۆراوجۆری وەک ژێرزەمینی و ناڕەزایەتیدەربڕین و ڕێپێوان و... خەباتی بۆ دەکەن، ئەوەیە کە لەدژی ئەو سیستەمەی وا هەوڵی سڕینەوە و بەفەرمینەناسین و بەقێزەوەنناساندنیان دەدات و هەروەها ناویان هاوتای ترس و دڵەراوکێ و هەڕەشە بۆ کۆمەڵگە دەزانێ، بوەستنەوە.

مەبەستی من لە هێنانە بەرباسی ئەم بابەتە چەند هۆکارێکن کە گرینگترینیان دژایەتی لەگەڵ جۆرێک لە فاشیزمە، بەو واتایەی کە ئێمە گەر بێین و فاشیزم سادە بکەینەوە بەسەر ئەوەدا کە دژایەتییەکی ڕووت لەگەڵ هەرچەشنە جیاوازییەک بێ و خستنە نێو بازنەی ناخۆیی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی هاوشێوە و هاوبیر و ڕەدکردنەوەی هەرچەشنە جیاوازییەک، ئەوە بێگومان کۆمەڵگەی پەلکەزێرینەش بەهۆی جیاوازیی چییەتییەکەیەوە لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، بە شێوەی خۆبەخۆ دەکەوێتە بازنەی ناخۆییەوە. لێرەدایە کە ئێمە لەگەڵ جۆرێک لە فاشیزم و ڕەگەزپەرستی بەرەوڕووین، مەبەست لە ڕەگەز لێرەدا ئێتنیک نییە. ئەمە ڕاستییەکە و دەبێ قەبووڵ بکرێ کە هەموو مرۆڤەکان هێترۆسێکشوڵ نین و لەم نێوەدا جیاوازی هەیە و دەبێ ڕێز لەم جیاوازییانەش بگیردرێ. ئێمە دەزانین کە کەمینە و زۆرینە لە زانستی سیاسەتدا بە واتای جەماوەر و حەشیمەت نییە، بەڵکوو بریتی لە ڕادەی دەسەڵاتە و پێوەری بەشداریکردن لە کایە سیاسییەکاندا دەرخەری کەمینە و زۆرینەیە، وەک نموونە کۆمەڵگەی شێعەی عەلەوی لە وڵاتی سووریە، سەرەڕای کەمیی جەماوەریان بەڵام لە زۆرینەدان، چون دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوەیە. لەم ڕووەوە کۆمەڵگەی پەلکەزێرینەش لە زۆربەی وڵاتەکاندا هەر لە کەمینەدان. لە وڵاتێکی وەک ئێران و لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەم کۆمەڵگەیە وێڕای چەندین نەتەوە و پێڕەوانی ئایین و ئایینزای جۆربەجۆر لە کەمینەدان و بگرە لە دۆخێکی دژوارتریشدان و ئەویش ئەوەیە کە بەگشتی بوونیان ڕەد دەکرێتەوە و لە ئەگەری دەرکەوتنیان هەر بە حەواوە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

**هەر گوتارێک کە زاڵ دەبێ یا ڕۆژێک لە کۆمەڵگەیەکدا زاڵ بووە، مەرج نییە کە لەگەڵ زاڵبوونیدا ڕەواش بووبێ، گوتاری کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا زاڵ بوو، بەڵام ئایا بە واتای ڕەوابوونیەتی؟ ئازادی و دیموکراسی پرۆژەیەکی ڕەها نین و بەردەوام لە بەردەم گۆڕان و نوێبوونەوەدان و هەمیشە پێویست بووە هێندە جەغزی ئازادی کراوە و کراوەتر بێتەوە، کە هەمووان خۆیانی تێدا ببیننەوە. لەوانە کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە یا هەمان LGBT.**

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی سەرانسەریی ژینا بە دروشمی پێشکەوتنخوازانەی ژن، ژیان، ئازادییەوە، کە دەسپێکەکەی بە پاڵپشتیی گەورەترین کەمینە واتە ژنە، چرای هیوا لە دڵی هەموو پەراوێزخراوان و کەمینەکانی ئەو وڵاتەدا داگیرسا، یەکێک لەوانەش کۆمەڵگەی پەلکەزێرینە بوو. دیارترین تایبەتمەندیی ئەم سەرهەڵدانە فرەڕەهەندە دژایەتیی کۆماری ئیسلامییە، ناکرێ کەسێک خۆی بە ئازادیخواز بزانێ بەڵام تەنیا خواستەکانی خۆی ببینێ، ناکرێ ئێمە دژبە ئێعدام بین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێعدامی هەندێک کەس بە ڕەوا بزانین، یانی لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ستانداردی دووانە نابێ ببێ، بەتایبەت لەلایەن ئێمەوە کە خۆمان بە ئاڵاهەڵگری خەباتێک دەزانین کە لە ڕاستای دابینکردنی مافی نەتەوەیکە وا لە حاڵەتی کەمینەدایە، ئێمە هەموو کەمینەکان بەتایبەت لەم باروودۆخەی ئێستادا پێویستە یەکریز بین و دان بە مافەکانی یەکتردا بنێین بۆ ئەوەی جارێکی تریش هەموومان لە حاڵەتی کەمینەییی خۆماندا نەمێنینەوە و تەنیا شایەدی گۆڕینی ڕواڵەتی دەسەڵاتدارەکان بین و نەتوانین گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هەموو ڕووەکان و هاوکێشەکاندا ببینین.

**ئێمە دەزانین کە کەمینە و زۆرینە لە زانستی سیاسەتدا بە واتای جەماوەر و حەشیمەت نییە، بەڵکوو بریتی لە ڕادەی دەسەڵاتە و پێوەری بەشداریکردن لە کایە سیاسییەکاندا دەرخەری کەمینە و زۆرینەیە، وەک نموونە کۆمەڵگەی شێعەی عەلەوی لە وڵاتی سووریە، سەرەڕای کەمیی جەماوەریان بەڵام لە زۆرینەدان، چون دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوەیە.**

هەر لەم سەرهەڵدانەدا سەرەڕای هەموو گوشارەکانی بەتایبەت ئەم ساڵانەی ڕابردوو لە بڵاوکردنەوەی ڕق و قینەوە هەتا گرتن و ئەشکەنجە و دەسدرێژیی سێکسی و ئێعدام بەرامبەر بە ئەم کۆمەڵگەیە، ئێمە شایەدی چالاکیی بەرچاوی ئەندامانی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان لە کوردستان و لە هەموو ئێران بووین، ئەمە بەو واتایە کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە خۆیان بە بەشێک لەم شۆڕشە دەزانن و داوای بەشی خۆیان لە مافەکان دەکەن و ئازادانە و وشیارانە شوناس و خواستی خۆیان، بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەن. لە دیوارنووسیی شاری مەهابادەوە کە پەیامێک بوو بەم چەشنە: «کۆمەڵگەی LGBTQ+ ڕاساوە و شۆڕش دەکا» هەتا شارەکانی وەک قوم و ئەراک و تاران و تەبرێز، نیشان لە مافخوازییەکی نەترسانەیە، کە بە نۆرەی خۆی کوڵەکەی دەسەڵاتی ڕەگەزلێدراو و داخراوی کۆماری ئیسلامیی وەلەرزە خستووە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم هیچ کام لە ئێمە – بەتایبەت کەمینەکان – دەستمان بە دیموکراسی و ئازادییەک ڕاناگا، مەگەر ئەوەی کە گەرەنتییەک بۆ دابینبوونی مافەکانی هەموومان هەبێ، وڵاتی ئێرانی فرەچەشن بە سڕینەوە و لەبەرچاو نەگرتنی ئەم جیاوازییانە بە هیچ ئاکامێکی باش و دڵخواز ناگات، تەنیا ڕێگە بەفەرمیناسینی هەموو جیاوازییەکان و هەموو کەمینەکان و مافەکانیانە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تۆڵەی گران

نووسین: باوان کرماشانی

وەرگێڕان لە فارسیەوە: ئاڵەشین



ژنانی ژێردەستەی ڕێژیمە ئێرانشارییەکانی چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێران و بەتایبەتیش ژنانی کورد، بەدرێژایی مێژوو لە کونجی ماڵانەوە هەتا چەقبەستووی و چەپاندنەوە، بۆ گۆڕەپانی ئەکتیڤیتی سیاسی و خەباتەوە ڕێگەیەکی ئەستەم و دژواریان پێواوە. ئەو ژنانەی شان بە شانی پیاوان، لە هەموو قۆناخە سەخت و ناخۆشەکانی ئەو جوغرافیایە لە بەرگریدا بووون....

لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە بایکۆتی تەنباکو و شۆڕشی مەشرووتە، سینگیان داوەتە پێش و نیشانیان داوە دەتوانن وەک پیاوان لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵ و دەوریان هەبێ و بەوپەڕی ئازایەتی توانیویانە دەوریان لەسەر درێژەی بزووتنەوە هاوچەرخەکان هەبێ. بەڵام هەمیشە پشتگوێ خراون و مافیان فەوتاوە و لە نووسینەوەی قانووندا پشکیان نەدراوە و نەیانتوانیوە لە گۆڕەپانی سیاسی و بەتایبەتیشدا لە پارلەمان وەک پیاوان ئامادە بن. کە ئەمەش بەواتای پشتگوێ خستنی نیوەی بەهرە و توانای کۆمەڵگەیە بۆ گەیشتن بە گەشە و پێشخستنی کۆمەڵگە. دەگەڵ ئەوەشدا، ژنان قەت نەسرەوتوون و هەمیشە بە هیوای بە ئاکام گەیاندنی مافی نیوەی کۆمەڵ لە گۆرەپانی خەباتدا چالاک و بەشدار بوون. هەر بۆیە لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵ دەگێرن. بەڵام کۆماری ئێسلامی کە بە بەڵێنی پڕوپووچەوە بەتایبەت یەکسانی و دادپەروەرییەوە هاتبووە سەرکار، هەر زوو ماهییەت و چییەتی دژی ژن بوونی خۆی دەرخست و بە پەسندکردنی قانوونگەلی دژەژن ڕێگەی بۆ سەرکوت و پەراوێزخستنی ژنان لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی تەنانەت ماڵیش هەموار کرد.

ژنان کە هەر زوو بە چییەتی دژە ژن و گەمژانەی کۆماری ئیسلامی زانی کە ماکەی لە هزرینی چەقبەستووانەی ١٤٠٠ ساڵ پێش بوو، لە ساڵەکانی سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە، هەوڵیان دا بە دەنگ هەڵبڕین و خۆپێشاندان دژی حیجابی زۆرەملی، دەنگی نارەزایەتی بە گوێی دەسەڵاتدارانی ئاخوندی بگەیەنن و مل بۆ گوشاری سیستماتیکی ڕێژیم کەج نەکەن. ئەو ژنانەی کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام پێشەنگی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان لە جوگرافیای فرەنەتەوەیی ئێراندا بوون و هاوار مافخوازییان گێچی لە کەوڵی دەسەڵاتداران خستوە و بە نافەرمانی مەدەنی بناخەی حکومەتی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییان لەق کردوە، چونکی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانەوە لەو جوغرافیایەدا مافی ژنان ژێر پێ خراوەو و ئێستاش ئەمە دەزانن و بەروونی ڕایانگەیاندوە، ئەگەر دەسەڵاتەکەیان بلەقێ، ئەوە ژنان و مافی ژنانە دەیلەقێنێ. "ئەگەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی بلەقێ، ژنانن کە لەقی دەکەن." (وەحید ئەحمەد، وەزیری نێوخۆ ١٤٠٠/٠٩/٠٨).

حکومەتی بەباشی ئاگاداری شوێندانەری ژنانە لەسەر پێشخستنی ویژەمانی ئازادیخوازی، بۆیە لەماوەی ئەو ساڵانەدا تەنەخی لە هیچ چەشنە سەرکوت و سڕینەوەیەکی ئەم بەشەی کۆمەڵگە نەکردوە، لە ئەسید پێهەڵپڕژاندنەوە بگرە هەتا هێرشکردنە سەر ژنانی دوچەرخەوار و .... هەتا دەستدرێژی و ئازار جینسی لە گرتووخانەکاندا و، لەوانەش قێزەونتر لە شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی»دا ئامانجدارانە فیشەک نان بە نێو گەڵی ئافرەتانەوە.

ئێستاش ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەر و دژەژنە، لە نوێترین پیلانی خۆیدا، واتە هێرشی شیمیای بۆ سەر قوتابیخانەی کچانە و کچانی قوتابی هەول دەدا بە بەردێک دوو کێلان بپێکێ، سەرەتا تۆڵەی دەوری چالاکانەی کچانی قوتابی لە شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی" یان لێ بکاتەوە کە بە لچکە لەسەر داماڵین و سەر ڕووتکردن (هێمای ئامادەیی قورس و قایمی حکومەت لە ژیانی رۆژانەی ژناندا) فشەیان بە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات کرد و بە فڕێدان و تووڕهەڵدانی هێمای دەسەڵات لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کلاسی دەرس و قوتابخانەکانیان پشکێکی مەزنیان لەو شۆڕشەدا هەبوو و وێنە و بیرەوەری خۆش و شیرینیان رەنگاند و هەروەها کپکردن و چاوترسینیان لە منداڵییەوە، واتە لەو قۆناخەوە کە یەکەم ئایدیاکانی ئازادیخوازی چەکەرە دەکەن، هەتا بە خولقاندنی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ، بەر بە خوێندنی کچان بگرن و لە زانین و زانیاری بێبەشیان بکەن، چونکی چەخماخەی شۆڕشی ژینا لە لایەن ژنانی خاوەن وشیارییەوە لێدرا کە عورفی پیاوسالارانەی (نێرەوەجاغی) کۆمەڵگەیان لادا، شۆڕشێک کە روون و ئاشکرایە مەزنایەتی هێزی سیاسی ژنان و بەشداریی کۆمەڵایەتی ئەوان نیشان دەدا بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و، کۆماری ئیسلامیش هەمیشە ترسی لە وشیاری بووە و هەوڵی داوە بە پێی پلانی پێشوەختە و هاندانی بەمنداڵی بەشوودان، ژنان و کچان لە ماڵێ پەستێوێ، ئەمجاریش دەیەوێ بە زەبری هێز و ترساندن و هێرشی بەربڵاو بۆ سەر قوتابخانەی کچان کە بیست و پێنج پارێزگەی وڵاتی گرتۆتەوە، ترس و دڵەڕاوکێی هێزێکی نادیار بخاتە دڵی خەڵکەوە و، بە ژنان بڵێ کە کەشی کۆمەڵایەتی بۆوان ئەمین نییە، هەتا دە ماڵێیان پەستێوێ.

ئێستا بۆ کۆماری ئیسلامی یەکەم تۆمەتبار یان باشتر بڵێین تاوانباری ئەم پەروەندەیەیە، چونکی ئەم دەسەڵاتە جگە لە پێشینە و سەرچەشنی دژەژنانە لە تەمەنی خۆیدا، کە هێرش بۆ سەر قوتابییە کچەکانیش لەسەر هەمەن رەوتن، دەگەڕێتەوە بۆ وەدوا نەکەوتن و بەناساراو هێشتنەوەی سەرچاوەی ئەم هێرشانە. پرسیار ئەوەیە، بۆچی کۆماری ئیسلامی لە کۆبوونەوەی نهێنی دوکتور شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکرات یان رێبەر و کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە ئاڵمان ئاگادارە و لە رۆژاوا کاری تیرۆریستی دەکا، یا عەبدولمالیک ریگی کە لە سەفەرێکی تەواو نهێنیدا بۆ وڵاتی پاکستان لە ئاسمانەوە دێنێتە خوار و دەیفڕێنێ، یا لە بابەت روحوڵڵە زەم، کە بە فێڵ و تەڵەکە دەیکێشێتە عێراق و پاشان دەیفڕێنێ و پاشان لە سێدارەی دەدا و تۆوێڵی خۆی رەشتر دەکا، یا ئەوەی ئێستا لە رووی کورتە ڤیدیۆی لێڵ و ناڕوونەوە ئەو کەسانەی لە بەرگری رەوا دژی پاسدار و بەسیجان تێکهەڵچوون بە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر دەیانگرێ، بەڵام بۆ دیتنەوە و گرتنی بکەرانی هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابیخانەکان و کچان کە بەگوێرەی راپۆرتی وزارەتی تەندروستی رێژیم، زیاتر لە ١٣ هەزار کچ لە زیاتر لە ٣٠٠ قوتابیخانەی تووشی نەخۆشخانە کردوە، دۆش داماون. لەم پێوەندییدا پێویستە بگەڕێینەوە ناخی کۆمەڵگە و براوی خەڵکی، بۆ وێنە قسەکانی ئەو خوێندکارە بوێرەی بە سەعید جەلیلی نوێنەری خامنەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە زانکۆی "چەمران"ی ئەهواز لە رۆژی ١٥ی رەشەممەی ١٤٠١ی گوت: "ئەگەر دەڵێین دەرمانداو کردنی قوتابییە کچەکان کاری خۆتان نییە، کەواتە زۆر زەبوونن، کە ناتوانن ئەمنییەتی منداڵان دابین بکەن". مەگەر لە سەرەتای راپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، لە رێگەی گرتە ڤیدیۆی کامێراکانی قوتابیخانەکانەوە، ئەو کچانەیان نەدەگرت کە دژی دەسەڵات درووشمیان وتبۆوە و یان دەریاندەکردن یان دەستبەسەریان دەکردن. ئەی دە چۆنە ئێستا ئەگەر بۆ سەلماندنی خۆشیان بێ، ناتوانن لە رێگەی هەمەن کامێراوە بکەرانی ئەو هێرشە شیمیاییانە بۆ سەر قوتابخانەی کچان بدۆزنەوە؟

ئەرێ تەنیا ئەم هۆکارە بەس نییە، بڵێین کاری خودی کۆماری ئیسلامییە؟

ئەم هێرشانە بەم بەربڵاوییە، بەرنامەدارشتن و ئەنجامدانینان بەبێ هاوکاریی و هەماهەنگی هێزە دەوڵەتییەکان نەکردەییە و بۆ بڕوا نابێ و بەو ئاکامەمان دەگەیەنێ کە بەدڵنیاییەوە دەستی مەعموورانی حکوومەت و هێزە ملهوڕەکانی (اتش بە اختیار) خامنەییان تێدایە، چونکی بەستنەوەی ئەم هێرشانە بۆ هۆکاری دەرەکی، زیدی ئینقلاب و هێزە سەرەڕۆکان شوێنەونکەیە و هیچ لە تاوان و کەمتەرخەمی دەسەڵات کەم ناکاتەوە. چونکی روون و ئاشکرایە بەرپرسیارێتی ئەمنییەت و ئاسایش و پاراستنی گیانی هەموو هاووڵاتییەکان لەسەر شانی دەسەڵات و کەسی یەکەمی دەسەڵات، عەلی خامنەییە. ئەوە بەرپرسانی ئەو رێژیمەن دەبێ وڵام بدەنەوە، کە چۆنە کەسانێک ئازادانە مەوادی شیمیایی لە کۆڵ شار بە شار دەگەڕێن و هاوکات لە شارەکانی چەندین پارێزگەی وڵات، کچە قوتابییەکان دەرمانداو دەکەن، کێ دەتوانێ بەئاسانی ئەو هەمووە مەوادە شیمیاییەی وەدەست کەوێ؟

ئەدی ئەو ئەمنییەت و ئاسایشە کارتۆنییەی بەردەوام بە گوێماندا دەدەن، کوا؟

بەڵێ، کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی خەریک تۆڵەکردنەوە لە کچان و ژنانە، ئەو کچ و ژنانەی کۆڵەکەکانی سیستەمە ئایدیۆلۆژییەکەیان لەقاندوە، ئەو ژنانەی ئێزنیان نەدا، هیچ ئاخوندێک لەسەر لەشی ساردی کچەکەیان ژینا نوێژ بکا و بە سەما و هەڵپەڕکێ، لچکەکانیان بەدەستەوە گرت و شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی"یان لە شاری بچوکی سەقز لە کوردستانەوە بۆ هەر چوار قورنەی وڵات هەناردە کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆرشی ژینا، چی بۆ ژنان پێبوو؟



شلێر باپیری

لەکاتێکدا کە بەشێوەی جیاواز لە دنیادا رۆژی جیهانی ژنان یاد دەکرێتەوە، ئەوساڵی ئێمە جیاوازتر لە هەموو ساڵانی دیکەیە. لەجێ خۆیەتی لێرەوە سڵاو بنێرین بۆ هەموو ئەو ژنە قارەمانانەی لە گۆرستانی ئایچی سەرپۆشەکانیان لادا و جەریقەی شۆرشێکیان لێدا، پیاوی کوردستانیش هاوشان لەگەڵ ژنان لە ئایچییەوە هاتنەوە سەر شەقام و شۆرشی ژینا و ژن، ژیان، ئازادیان خولقاند.
دڵنیام هیچ کاممان وتە، دروشم و حەماسەی شەقامەکانی مەهاباد، بۆکان و جوانرۆی و هەموو شارەکانی رۆژهەلاتمان لەبیر ناچێت. دڵنیام هیچ کاممان وتەکانی بابی شەهید محەممەد حەسەنزادە، بابی شەهید سالار مجاور و دایکی شەهید میلاد مەعروفی و کوری شەهید غەفور مەولودی زۆری دیکەش لەبیر ناکەین کە هەر یەکەیان وەک لیدەرێکی سیاسی قسەیان دەکرد. هەموو ئەو وتە سیاسیانە لە فەزایەک دا گوتراون کە کەس مافی ئازادی تێیدا نیە بەتایبەت ئەگەر کورد بی و لەو نێوەشدا ژن بی. دەسەلاتێکی سیاسی کە ٤٤ ساڵە خوێن دەخواتەوە. هەربۆیە تاک بە تاکی رووداوەکان لە شۆرشی ژینادا گرینگن.
هەموو ئەو رووداوانەش پێیان گوتین کە گۆرانکاری ریشەیی بەرێوەیە، دەچینە قۆناغێکی دیکەوە و ئەو قۆناغەش خەباتی هەمەلایەنەی دەوێ.
ئەوە راستیەکە کە چاوەڕوانکراو نەبوو کە ژنان ببنە پێشەنگ لەو شۆرشە و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا کۆمەڵگەی نێودەولەتیش بێنێتە سەر خەت و لە هەرجێیەک باس باسی ژنان لە ئێران و بەتایبەت ژنانی کورد بوو. کۆماری ئیسلامی ٤٤ ساڵە بە هەموو سیستمی پروپاگەندەی ویستویەتی کۆمەڵگە رابێنێت کە ژنان رەگەزی




**وتەکانی دایک و بابی شەهیدەکان لە رۆژی ناشتنی رۆڵەکانیان یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی شۆرشی ژینایە کە دەتوانین لە کوردستان باسی بکەین. ئەوان جارێکی دیکە دەستیان لەسەر دوو شت دانا کوردبوون و ژن بوون**

دووەمی کۆمەڵگەن و هاوکات باشترین جێگە بۆیان ماڵەوەیە. بەڵام ژنانی کورد لە ئایچی ئاوێکی ساردیان بە هەموو سیستمی پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی دا کرد. نەترسانە لە سیستمی دژە ژنترین وڵاتی دنیا دەنگیان هەڵێنا و ئەمجارە کەس بۆ وان قسەی نەکرد. ئەوە ژنانی کورد و ژنانی ئێرانی بوون بۆ ئێمە دوان، ئەوان دەنگیان رەساتر بوو ئەگەرچی هیچ ئازادی رادەربرینێکیان نەبوو. واتە دەنگیان بە واتای لەدەستدانی ژیانیانە. هەربۆیەش دەبینین کە بەداخەوە زۆر کچی لاو و چەندین شەهیدی ژنمان هەیە.
ژنان هەمیشە لە ئێراندا بە قوربانی نێویان هاتووە، ئەمما لە شۆرشی ژینادا هەموو هاوکێشەکەیان گۆری، ئەوان بوونە ئیلهامبەخش و دەنگی شۆرشێک بۆ لادانی دیکتاتۆرترین دەسەلاتی سەردەم.
ئەگەر چی دەتوانین شرۆڤەی جیاواز بۆ شۆرشی ژینا بکەین، بەڵام یەکێک لە شرۆڤەکان دەتوانێ لەسەر بنەمای جێندەری بێ. کاریگەری شۆرشەکە لەسەر ژنان و هەروەها بزووتنەوەکانی ژنان و گرینگتر لەوانەش رۆڵی خودی ژنان لەو شۆرشەدا. ئەگەر چی شۆرشەکە لە باسی سەرپۆشەوە دەستی پێکرد بەڵام هەر زۆر زوو بەرینتر لەوە بۆوەوە و ژنان نەک تەنیا روخانی کۆماری ئیسلامی بەڵام هاوکات باسەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالاری و هەروەها کۆمەڵگەی ئێرانی کە ژن بە رەگەزی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




دوهەم دەبینێت بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەو رۆڵەی کە ژنان لە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی دا دیتیان ناکرێ بگەرێندرێتەوە دوایە و ناشگەرێتەوە. ئەوەی ژنان لەو شۆرشەدا ئەنجامیان دا دەبێ لەمەوبەدوا دابەشی بکەین بە بزووتنەوەکانی ژنان لە پێش شۆرشی ژینا و دوای شۆرشی ژینا.

وتەکانی دایک و بابی شەهیدەکان لە رۆژی ناشتنی رۆلەکانیان یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی شۆرشی ژینایە کە دەتوانین لە کوردستان باسی بکەین. ئەوان جارێکی دیکە دەستیان لەسەر دوو شت دانا کوردبوون و ژن بوون. هەریەکەیان بەجۆرێک لەوتەکانیاندا دەبیندران و بەجۆرێک ڕوانگەی کۆمەڵگەی پیاوسالاریان بەرانبەربە ژنان دەخستەوە ژێرپرسیار.

"زەمانێک ئێمە ئەگەر دەمانویست بە یەکێک بڵێین زۆر پیاوە، زۆر بەغیرەتە، زۆر بەناموسە، زۆر بەویژدانە، لە کەلیمەی چی ئیستفادەمان دەکرد پیاو، دەمانکوت زۆر پیاوە. ئەڵحان ئەگەر پیاوێک بیهەوێ زۆر پیاوبێ، دەبێ زۆر ژن بێ"'.

ئەم وتەیە وتەی بابی شەهید محەممەد حەسەنزادە لە بۆکان و لە ڕۆژی ناشتنی کوڕەکەیدایە.

هەروەها بابی شەهید سالار مجاور لە رۆژی ناشتنی کورەکەیدا لە کورتە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت" ئەوشەوە کە تەرمی

بۆ ژنان یەکێک لە لایەنە گرینگەکان بوو کە لە وتەی دوو بابی شەهید دا بە ڕوونی هەستی دەبینرێت کە توانی میدیا و کۆمەڵگەی نێودەولەتیش چالاکتر بهێنێتە مەیدان. هەروەک دەزانین لە کۆمەڵگە دێموکراتەکاندا مافەکانی ژنان زومێکی زۆرتریان لەسەرە.

ژنان لە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی دا ڕۆلیکی گرینگیان لە سۆشیال میدیادا دی. لەوێدا هاتن بۆچونەکانیان نوسی، وێنەکانیان بەشکرد و ئەزمونی خۆیانیان لە رەفتاری کۆماری ئیسلامی باسکرد و هەر ئەوەش وایکرد کە مەشروعیەتی کۆماری ئیسلامی نەمێنێت و لە کۆنواسیۆنی مەقامی ژنی وەک مەجازی جێ پێی خۆیان بەهێزتر کرد.

ئەگەر چی بەشداری چالاکانەی ژنان لە شۆرشەکەدا بە بێ قوربانیدان نەبووە و نابێت. هەروەک چۆن سی ئێن ئێن لە راپۆرتێکدا باسی لە دیاردەی دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی زیندانی کردووە.

چ ڕێگەیەکی باشتر هەیە بۆ وەسفکردنی دۆخی ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران لەوەی کە لە دۆسیەی ژینا ئەمینی دەست پێ بکەین کە ڕووخساری بۆتە ڕەمزی خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی؟

هەر لە پرسەی ژینادا بوو کە ژنانی کورد جارێکی دیکە بڕیاریان دا کە بڵێن بەسە: بەسە نادادپەروەری، بەسە توندوتیژی، بەسە نامرۆڤایەتی. هەر لەوێشەوە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی گوترایەوە و بۆ ئەمرۆ بوەتە مانیفیستێکی سیاسی بەهێز بۆ ژنان و پرسەکەیان و هەروەها بۆ شوناسی کورد و کاریگەربوونی لە ئێراندا.

بەڵام چیرۆکی خەباتی ژنانی کورد لە ئێران چییە؟ کەی دەستی پێکرد و چۆن؟

**«زەمانێک ئێمە ئەگەر دەمانویست بە یەکێک بڵێین زۆر پیاوە، زۆر بەغیرەتە، زۆر بەناموسە، زۆر بەویژدانە، لە کەلیمەی چی ئیستفادەمان دەکرد پیاو، دەمانکوت زۆر پیاوە. ئەڵحان ئەگەر پیاوێک بیهەوێ زۆر پیاوبێ، دەبێ زۆر ژن بێ»'.**

سالارمان تا بەیانی ڕاگرت کە بەرۆژ ئەسپەردەی بە خاکی بکەین فشارێکی زۆری ئیتلاعاتمان لەسەر بوو، ئەمما دایک و خوشکانێک هاتبوونە بەردەرگا و تا بەیانی لەگەڵمان بوون تا ئەسپەردەکردنی سالار کە هیچ کات ئەو خوشک و دایکانەم نەدیبوو..

ئەوە ئەو دیوی گۆڕانەیە کە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان رویداوە و شۆڕشی ژینا نیشانی داین.. خستنە ژێرپرسیاری روانگەی کۆمەڵگە نەتەوەیەکگرتوەکان دەربکرێت کە تا ئێستا لە مێژووی نەتەوەیەکگرتوەکان نەکراوە.

ژنان لە شۆرشی ژینادا ئەو دەرفەتەیان خولقاند کە پێشتر نە رویدابوو و نە کرابوو. بەشداری چالاکانەی ژنان لە مەهاباد لەبیرناکرێ ئەودەمەی ژنانی بەتەمەن بە بەرد پێدان بە لاوەکان ببونە پشتگیری بەهێزی لاوان بەرانبەر بە هێزە ئەمنیەتیەکان. بەداخەوە هەربۆیە شەهید کوبرا شێخە شەهید بوو. ئەوان هەم دەرفەتی فیزیکی و هەم لە دنیای

لێرەدا دەگەرێمەوە بۆ یەکەمین دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێنم کە ١١ مانگ ژیاوە و ناوی کۆماری کوردستان بووە.

کۆماری کوردستان بە سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن، میدیای مۆدێرن، سوپای نیشتمانی، سیستەمی باج، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، زمانی نەتەوەیی و بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و کولتووریدا ناسراوە.

لە کاتێکدا گرینگیدان بە پەروەردەیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنان و بەتایبەت پەروەردەی سیاسیان یەکسەر ئەم دەوڵەتە لە هەموو فۆرمەکانی تری پێش مۆدێرنی کوردی جیا دەکاتەوە.
لە کۆماری کوردستان ژنان نەک وەک تێکۆشەری بزووتنەوەی ژنان یان سەرکردەی حیزب، بەڵکو بۆ پشتیوانی لە دۆزی نەتەوەیی دەچوونە دەرەوەی ماڵ. سەرکردە پیاوەکانی ئەم بزووتنەوەی نەتەوەییە، وەک بەرجەستەکردنی نەتەوەیەکی مۆدێرن، ڕۆڵێکی "گونجاو" و "شایستە"یان بەو ژنانە بەخشیوە.
لە کۆماری کوردستاندا بایەخێکی بەرچاو بە ژنان دەدرا. بیست و سێ کەسایەتی دیاری کۆمار لە کاتی ئاهەنگگێڕانی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٢ی مانگی یەکی ١٩٤٦ وتار دەدەن، لەو شانزە وتاربێژە دوو کەسیان ژن بوون.
ئەگەر بگەڕێینەوە ٧٧ ساڵ لەمەوبەر. بایەخی بوونی ژنان لە پۆستی سەرکردایەتی و پێشکەشکردنی وتار، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خەباتی ژنانی کورد لە ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە.
دوو هەفتە پاش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی کچان کۆبوونەوەیەک بەڕێوەدەچێت و مامۆستاکان قسە دەکەن، یەکێکیان کوبرا عەزیمییە و دەڵێت: "داوا لە ژنان دەکەم بە ڕووخانی دیکتاتۆریەتی ڕەزاشا دڵخۆش بن و تەقسیری لە ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانەکان نەکەن کە لەوێ بە زمانی دایکی خۆیان فێری خوێندن دەبن.".
لە سەردەمی کۆماردا یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئێران دامەزرا، کە سیمای حکومەتێکی مۆدێرنی کوردی نیشان دەدا کە پشتیوانی لە پێشکەوتنی ژنان دەکرد
مینا قازی هاوسەری قازی محەممەد سەرۆکی کوردستان بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوی ژنان. ئەمەش بیرکردنەوەی مۆدێرنی قازی محەممەد دەردەخات، هەرچەندە پیاوێکی ئایینی بووە، هاوکات لە کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێسک پیاوسالار دا یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی دامەزراندووە و هاوسەرەکەی بووەتە یەکەم سەرۆکی یەکەمین ڕێکخراوی ژنان. یەکێک لە گرنگترین ئامانج و چالاکییەکانی ئەو سەردەمە پەروەردەی ژنان و ناردنی کچان بۆ قوتابخانە و دروستکردنی قوتابخانە بۆ کچان بوو.
لەم کورتە باسە مێژووییە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشداری چالاکانەی ژنانی کورد لە شۆڕشی ژینادا لە ماوەیەکی کورتدا دروست نەبووە و مێژوویەکی لە پشتەوەیە. ئەگەرچی ئەوکات پێیان نەکەوتوە بزوتنەوەی فێمینیستی و ئەمما من نێوی دەنێم بزووتنەوەی فێمینیستی. بزووتنەوەیەکی فێمینیست و یەکسانیخوازی.
ئایا پرسی ژنی کورد جیاوازە لە پرسی ژنانی ئێران؟
لە کۆنتێکستی شۆڕشی ژینادا پێم خۆشە وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە..
هەروەک لە پێشدا باسم لە ڕۆڵی ژنانی کورد کردبوو لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا دا. لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم شۆڕشە، زۆرێک لە چاودێران بەردەوامن لە تیشک خستنە سەر ئەو ڕاستییەی کە سەرەتا نارەزایەتییەکان لەنێو ژنانی کورددا سەریان هەڵدا. ئەم وردەکارییە بە هۆی پێگەی هەستیاری تایبەتی ژنانی کورد لە ئێران – و مێژووی دوور و درێژی خۆڕاگرییان، بنەڕەتییە.

بۆ ژنانی کورد، مردنی ژینا ئەمینی وەبیرهێنەرەوەی هەستی زەبر و زەنگی قووڵی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژنان بەتایبەت بە ژنی کورد و بیرهێنانەوەی توندی ئەو ستەمە سیستماتیکییەی کە دەبێت ڕۆژانە بەرگەی بگرن.
ئەگەر چاو لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی بکەین دەکرێ بڵێن هەر نەتەوە و چین و توێژێک بەجۆرێک لە جۆرەکان، زەبرو و زەنگ، گوشەگیری، ئەشکەنجە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئێعدام بوون ئەزمونی هەلاواردنی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دیوە و بەلام هێندێک لە هاوولاتیان کە سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران، دەکرێ زیاتر روبەرووی توندوتیژی ببنەوە وەک کورد و هەروەها ژنی کوردیش.

هەموو ژنان لە ئێران لە بواری یاسا و پراکتیکدا لە بوارەکانی وەک هاوسەرگیری، تەڵاق، کار و میراتدا ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە. لەسەرووی ئەمەشەوە هیچ یاسایەکی کارایی نییە بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی خێزانی.

بۆ ژنانی کورد، بەلووچ، عەرەب و بەهایی، لەنێو ئەوانی تردا، ئەم چەند چینە جیاکارییانە جگە لە ڕەگەز، نەتەوە و ئایینیش دەگرێتەوە. بۆیە ستەمیان سێ چینە..

هەر بەم هۆیەشەوە دەبێ پێگەی ئەم ژنە پەراوێزخراوانە بە جیا لە "ژنانی ئێرانی" بە هۆی هەلومەرج و هەلومەرجی زۆر جیاواز لەنێو گەلانی نێو سنوورەکانی ئێران شی بکرێتەوە و شرۆڤەی بۆ بکرێت.

ئەگەر چاو لە خەباتی ژنانی کورد بکەینەوە دەبینین کە ژنانی کورد لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە بوونەتە خاوەن خەباتی چەکداری. خەباتی ژنان بۆ ئەو ژنانە و بەشداربوون لەو خەباتە دەکرێ دوو ئامانج بپێکێت. یەکەمیان خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی هەروەها دەرفەتێکیش بۆ ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئێرانی کوردی بۆ ژنان لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵگەشدا.

دەکرێ لیرەدا خالێکی هاوبەش لە نێوان ئەو ژنانە ببینینەوە کە لە شەقامن و هاواری ئازادی دەکەن و ئەوانەی لە ڕیزی خەباتی چەکداری دان ئەویش ئەودەمەی لەماڵ دەرۆنە دەر نازانن دەگەرێنەوە یان نا. بەلام ئەوان گیان دادەنێن بۆ دەستەبەری کۆمەڵگەیەکی ئازاد نەک بوون لە کۆمەڵگەیەکدا کە بۆت بریار بدا چ بکەی و چ لەبەر بکەی و چۆن بژی. ...

لەو باسەدا زۆر جوان دەتوانین ببینین کە ژنان و بەتایبەت ژنانی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێراندا لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی کۆماری ئیسلامیدا چیان چێشتووە و چۆن خەباتیان کردووە.



**بەشکرد و ئەزمونی خۆیانیان لە رەفتاری کۆماری ئیسلامی باسکرد و هەر ئەوەش وایکرد کە مەشروعیەتی کۆماری ئیسلامی نەمێنێت و لە کۆنواسیۆنی مەقامی ژنی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان دەربکرێت کە تا ئێستا لە مێژووی نەتەوەیەکگرتووەکان نەکراوە.**

لە کاتی ئاماژەدان بە ژنان لە ئێران و داخوازی و خواستەکانیان، ئەوەمان لەبیربێت کە یەک شیکاری ڕوونکردنەوە لە ئارادا نییە. ئەمە وڵاتێکە تۆڕێکی ئاڵۆزە نەک تەنها لە ڕووی ڕەگەزەوە، بەڵکو لە ڕووی نەتەوە و ئایینیشەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئانالیز و شرۆڤە لە هەموو بەستێن و شوێنەکان سەبارەت بە ژنان لە ئێراندا گرنگە

زۆر کورتی بکەنەوە کە کاریگەری شۆرشی ژینا بۆ ژنان ئەوە بوو کە یەکدەنگی، هەروەها شۆرشی کۆمەلایەتی و سیاسی. لە یەکدەندەگی بە یەکدەنگ لە باقی ژنانی ئێران بتوانن پێشرەوی بزووتنەوەیەکی فیمینستی بن کە بتوانن خواستەکانیان باس بکەن و برەوی پێبدەن. لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی کە بتوانن ئەو سونەتیانەی کۆمەڵگەی پیاوسالار بخەنە ژێر پرسیار کار بۆ کاڵکردنەوە و نەمانیان ببەن و وەک بزونتەوەی سیاسی بەشداری چالاکانەی ژنان بۆ ئەوەی بتوانین لە نوسینەوەی یاسا لە سیستمێکی دێموکراتدا ژنان پەراویز نەخرێن و نەکرێنە قوربانی پرسە نەتەوەیەکە.

کۆتایی باسەکەم پێم خۆشە بە شتێکی کورت لە سیمون دۆبوار تەواو بکەم. لە کتێبی بەنێوبانگی ڕەگەزی دووەمدا دەلیت::

«سەرکەوتنی ژنان لەم شۆڕشەدا کە دەبێ بیکەن هیچ کات بەواتای زاڵبوونی ئەوان بەسەر پیاواندا نییە، بەڵکو لە ئاکامدا دەبێ ببێتە هۆی یەکسانیان لەگەڵ پیاوان، کە تامی شیرینی ئەو سەرکەوتنە نەک هەر ژنان، بەڵکوو ناخی پیاوانیش شیرین دەکات».

**سەرچاوەکان**


**– – نامیلکەی (ژنان و ناسیوناليسم لە کۆماری کوردستانی ١٩٤٦دا)**
**وەرگێڕان: ئەحمەد ئەسکەندەری**
**– ماڵپەری ئەنستیتوتی کوردی بۆ ئاشتی.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# عەشقێکی لەبیرنەکراو و زامێکی هەتاهەتایی



نەسرین یوسفزادە



که باسی خۆشەویستی و وەفا و ئەمەگناسی دەکرێ مرۆڤ خێرا وەبیر هێندێک کەس دەکەوێتەوە کە لەوانەیە نواندنی ئەو خۆشەویستییەیان کەمێک پڕڕەنگتر و تۆختر لەوانی تر بووبێ. کەسانێک هەن وا دێنە بەرچاو و مرۆڤ ئێرەیی بەو خۆشەویستی و عەشقەی نێوانیان دەبا بەڵام خۆزگە شتێک بە ناوی مەرگ نەبایە و ئەوانەی ئاوا ئەویندارن بە مەرگ لێک جیا نەبایەن. جیاییەک کە هەتاهەتایی دەبێ و تەنیا یادگاری دەبێتە سێ کوڕی جوان و وێنەیەکی هەڵواسراو بە دیوارەوە و گڵکۆیەکی سارد لە مەزارگەی شەهیدان.

زۆر جار وێنەی خۆی نیشان دەدام و دەیگوت ها چاولێکە چەند جوان بووم بە جحێڵی!

منیش دەمگوت باجە خونچە گیان خۆ ئێستاش لە هەموو کەس جوانتری دەیگوت نا جوان نەماوم لە دوای مام شێرکۆ دڵم بە هیچ خۆش نییە. ئەو کە مابوو هەموو شت جوان بوو، ئەو کە مابوو ناحەزی مانای نەبوو.

دەمگوت ڕوحی شاد بێ! بەڵام خۆ ناکرێ تۆ ئەوەندە خۆت ئازار بدەی.

وەک خۆی باسی دەکرد تەمەنی زۆر کەم دەبێ کە دەبێتە دڵداری کوڕێکی پێشمەرگەی خوێندەوار و وەرزشوان.

ئەوان دڵداری یەک دەبن و ژیانی هاوبەش پێک دەهێنن. ژیانێکی پێشمەرگانە و جوان تا ئەوەی دەستی قەدەر و ژیانی پێشمەرگایەتی لە شار و وڵاتی خۆیان و لە کوێستانەکانی سەردەشت و ڕەبەتەوە بۆ قەندیل و دوایی پەرتەوازەی گەرمێنی کوردستان و کۆیەی هەمووکات بەجەرگ و دڵسۆزیان دەکا.

کەریم ڕەسووڵزادە یان مام شێرکۆی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی ئێران و خونچە خاتوونی خێزانی هەموو کات لە نێو کۆڕی هاوڕێیانیان نموونەیەک بوون لە وەفا و خۆشەویستی و ئەوە لە کاتێکدا چەند هێندەی پێشوو بۆ هەموان سەلمێندرا و دیار کەوت ئەو کاتە بوو کە خونچە لە کاتی نان کردندا بە هۆی ئاگر گرتنی پەرامیز زۆر بە شپرزەیی دەسووتێ و ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە دەکەوێ و مام شێرکۆ وەها ئەویندارانە برینەکانی بۆ تیمار دەکا و دڵخۆشی دەداتەوە کە ئیتر هەست بە ئازار ناکا.

خونچە باسی دەکا و ئاخێک لە ناخی دڵەوە هەڵدکێشێ و دەڵێ تا ماوەیەک ئاوێنەی نەدەدامێ خۆمی تێدا ببینم تا ئەوەی دەمووچاو و ڕوخسارم سارێژ بووە ئەوەندە ئەویندارانە لێی دەڕوانیم کە هەستم بە برینەکانم نەدەکرد بەڵام دوایی کە یەکەم وێنەی ڕۆژی سووتانەکەم بینی زانیم چەندە شپرزە بووم.

زۆر جار دەگوتری و دەپرسن بۆ تەنیا ڕۆژێک لە ساڵدا بۆ مرۆڤ ئەوەندە گرینگە، گرینگ نەوەک خۆش یان ناخۆش ئەگەر چی تێڕوانین لە باوەڕەکان گرینگە لەوانەیە بۆ زۆربەمان ڕۆژی ئاشنا بوون لەگەڵ خۆشەویستەکەمان یان ڕۆژی هاوسەرگیریمان یان هاتنە دنیای کۆرپەکانمان گرینگترین ڕۆژمان بێ. بەڵام کاتێک لە هەر کەس بپرسی ناخۆشترین ڕۆژی ژیانت کامەیە لە وڵامێکی کورت و ڕووندا دەڵێ ڕۆژی مەرگی ئازیزانم و بۆ خونچەی نازلێشێوایش ناخۆشترین و سامناکترین ڕۆژ، ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بوو. ئەو کاتەی کە خۆشەویستترین کەس و پشت و پەنای و نازکێشی نازەکانی، کەسێک کە لای ئەو ماندووی دەحەساوە و ئارامی دەگرت هاوڕێ لەگەڵ پازدە کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری لە هێرشێکی هاژەکی کۆماری پەت و سێدارە بۆ سەر فێرگە قەڵای دێموکرات شەهید بوو.

دەکرێ بگوترێ کە ئەو ڕۆژە لە ناخی هەر کام لە ئەندامانی دێموکرات و وا باشترە بڵێم زۆربەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو بە ڕۆژێکی لەبیرنەکراو و ناخهەژێن. ئەو ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی هەتا توانی هەوڵی ڕشتنی ڕق و کینە خۆی بەسەر تێکۆشەرانی قەڵا و فێرگەی دێموکراتدا ڕشت و ئەوە تەنیا دەوڵەتی جەللاد و خوێنڕژی ئیسلامی ئێران بوو بە ڕووڕەشی مایەوە و لە ٢١ی خەرمانانەدا بوو کە خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگرتنێکی گشتیدا وڵامی ئەو کردەوەیەیان بەو دەوڵەتە زاڵم و غەددارە دایەوە.

خونچەی شۆخ و شەنگ دوای ئەو ڕۆژە ئیتر قەتی جلی ڕازاوە نەپۆشی، قەت بە دڵ پێدنەکەنی و هەردەم دەنگی گریانی لە ماڵەکەی دەهات و هەتا ئێستا کە لەگەڵ کوڕە چکۆلەکەی بەرەو هەندەران ڕێکەوتووە هەموو حەوتوویەک بە چەپکێک گوڵ و ڕیحانەی بۆن خۆشەوە بەرەو مەزارگەی ئەویندارانی دێموکرات دەڕوا و پەیمانی وەفا و خۆشەویستی لەگەڵ خۆشەویستەکەی نوێ دەکاتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «لەیلا



ن. و: تریفە فاتیحی




خانمە چیرۆک نووس و وەگێڕ، دوکتور لەیلا قادری لە
ساڵی ١٣٦٠هەتاوی
لەگەڕەکی کوشتارگای شاری بۆکان چاوی بەدونیا هەڵێناوە
لە تەمەنی دە ساڵییەوە بە خوێندنەوەی کتێبی ملوانکەی شین-ی مامۆستا شەریف، فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووە، دواتر باوکی کە کەسێکی نە خوێندەوار نەبوو بەڵام زۆری شیعر و چیرۆکی کوردی لە سینەدا بوو، زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری سروەی بۆ دەکڕی لەیلا بە تامەزۆییەوە بۆی دەخوێندەوە و لەو کاتەوە جگە لە وانەکانی قوتابخانە و زانکۆ، هەموو پێوەندییەکانی بە زمانی کوردی بووە.
لەیلا لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەردا پەروەردە بوو، گرنگیدان بە شێوازی ئاخاوتن و ڕەسەنایەتی زمان بە لای دایک و باوکیەوە زۆر گرینگ بوو، ئەوان هەردووکیان بە زمانێکی ڕەسەن و بە ئەدەبیاتێکی پەتی لەگەڵی دەدوان.
گەورەماڵ بووین و هەمووکات دەرگای ماڵمان لەسەر گازی پشت بوو بۆ بەخێرهاتنی میوان لە خزم و دۆست و برادەر.
بۆیە زۆر زوو لە نیزیکەوە هەستی بە زۆربەی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی خۆیان کرد و لە هەمووکات وەک گەردەلوول بیر و هۆشیان لوول دەداو ئارامیان لێ هەڵدەگرت لە لایەکی دیکەشەوە، هەستی دەکرد هێندێ وشە و دەستەواژە و قسەی نەستەق، خەریکە لەناو خەڵکدا بەرەو فەوتان دەچێ، بۆ پاراستنی ئەو وشە و پەند و ئیدیۆمە ڕەسەن و پەتیانە لە فەوتان و لەناوچوون، بیری لە نووسینی چیرۆک کردەوە کە ئازاری ژنانی بێدەرەتان و ڕەنجەڕۆی پێ داڕێژێ.

---

لە ١٨ ساڵیدا دەچێتە زانکۆی، کارناسیی تەربییەت موعەلیم/ لە زانکۆی تەورێز
ساڵی ١٣٨٥ کۆچ دەکا بۆ تاران و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا و ساڵی ١٣٨٨ لە ڕشتەی «مودیرییەت ی بازرگانی شاخەی مارکێتینگی نێودەوڵەتی» زانکۆی تاران کارناسی ئەرشەد تەواو دەکا.
ساڵی١٣٨٩ لە زانکۆی پەیام نووری کەرەج(البرز)، بۆ کارناسی ئەرشەدی ڕشتەی «بەڕێوەبەرایەتیی کەسب و کار» دەردەچێ و دەست بە خوێندن دەکا، و ساڵێک دواتر بۆ قۆناغی دوکتورا، لە ڕشتەی «بەڕێوەبەرایەتیی بازاڕیابی» لە زانکۆی تاران وەردەگیرێ و سێ مانگ پێش ئەوەی وڵات بەجێ بێڵێ، بە سەرکەوتوویی داکۆکی لە تێزەکەی دەکا و کۆتایی بەو قۆناغەش دێنێ»
لە بۆکان لە زۆربەی کۆڕوکۆبوونەوەکاندا بەشدار بووە و چالاکییەکانی سیاسی-مەدەنی بوون.
لە ماوەی ساڵەکانی ٩٢_٩٥ دوو کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کرد.
١_ وەک یەکەم بەرهەم، وەرگێڕاوی یەکێک لە کتێبەکانی «برایان ترەیسی»ە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی بە نێوی» هێماکانی سەرکەوتنی ژنان لە کار و ژیاندا»
کە دەزگای چاپەمەنی زانکۆ چاپی کردووە.
٢_ دووهەمین بەرهەمی کتێبێکی زانستی-ئاکادێمیکە بە زمانی فارسی کە پێوەندیی بە بواری خوێندنی خۆیەوە هەیە بە نێوی «تجارت خارجی» کە دەزگای چاپەمەنی «نارین» لە بۆکان چاپی کردووە.
ماوەی چوار ساڵیش خەریکی نووسینی چیرۆکە و دەربیجەیەکی کردۆتەوە بۆ پیشاندانی ئازارە شاراوەکانی کۆمەڵگە بەبێ سانسۆڕ.

کۆی ئەو چیرۆکانەش هەر ئێستا ئامادەی چاپن، کە بە هۆی سەرقاڵیی خۆیەوە ناپەرژێتە سەر چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان، و لە وڵاتی فەرەنسایە نیشتە جێیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# چاوەروانی!!!!

گیان ڕوح دەگری و نیگاش مشتیّ
چاوەڕوانی
بەدەلاقەی تەمەنەوە
گریّ دەدات.
ئەم ئێوارە غوربەتیە کەوتۆتە سەر شانەکانم
من خۆم ناناسمەوە،
بەو وەسفەی تۆ لیّم دەکەی!!!!
گومانم لە خۆم و گەڕانەوەی تۆ هەیە!!!
من بەردەوام چاوەڕێم
لەودیو پەنجەرەکەوە
بەتەمی سەر ڕوخسار،
ئاوێنەی ژورەکەم
یەک یەک وشە حەرام کراوەکان،
ماچ ، لەززەت، باوەش، خۆشم دەوێی، بیرت دەکەم
دەنووسمەوە.
با ئەم دیوارە نەی بیستیّ
ئەگینا
وردو خاشی دەکا
زمانم، ، ،
هەڵی دەپروکێنی خەیاڵم!!!
لێرە من و ئەو من و تۆ نامۆین بە پێکەنین
کەچی لە خەما
بسکی سپیمان هۆندۆتەوە!!!
ئەمە چ مەنفایەکە
کەس لە دوانی" با "و
سەمای خۆر تێناگات
کەی دیّ
شانەکانمان دەگری ژیان
من و ئەو لە چاوەروانی
ئەم سەر شیتیەی ژیان
دەردەچین.

کوێستان عومەر زادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ماڵ پڕە لە بۆن و بەرامەی ئەوین و هاجەر لە پەنا گوڵەکانی کە تەنانەت لە چلەی زستانێش هەر ڕووگەش و جوانن و مزگێنی بەهار بە ڕوویانەوە دیارە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دڵداری چل ساڵەکەی خۆی دەکات . چاوەڕوانە دیسان تووند ئامێزی لێدا و بڵێ :ماندوو نەبیەوە بە قوربان ئەوجار وەک هەمیشە قاقایەک بکێشێ و بڵێ دەسەر سەرت گەڕێم سەید برایم گیان بەبێت نەژێم یاخوا

-----------

باران نم نم دەبارێ ڕەیحان بەدەم لایەلایە و لاواندنەوەی وانیارەوە ئاگای لەدەورو بەری نیە . زانیار باوەش بە ڕەیحانە دادەکاو گوڵە نێرگزەکانی لە بن باڵتۆکەی دەردێنێ و بەدەم ماچی نێو چاوانی ڕەیحانە وە دەڵێ: خۆشەویستم دەزانی بە هاتنی وانیار ژیانمان جوانتر و خۆشەویستیت لە دڵم دا زیاتر بووە ؟ .

ڕەیحان دەبێ ئەو نەورۆز سێ نەفەری ئاگری نەورۆز بکەینەوە و لەگەڵ بزەکانی وانیار پێ



لەناو ساڵی تازە بنێن

-------

ئەیوب وەک هەمیشە گورج و گۆڵ و لێو بەبزە دەنگی گۆرانیەکەی ئاسمانی تەنیوە و کۆڵە پشتی و جامانەکە و زەنگاڵ و دۆڵاغەکەی لەگەڵ ڕەخت و تفەنگەکەی چواردەوریان داگرتوە

وەک هەمیشە بزەیەکی پڕ لەهیوا لەسەر لێویەتی و دەڵێ:

گلاوێژ

نازانی چەندەم ئارەزووی بۆنی سێو و تامی گێلاسی شنۆ کردوە ، ئەگەر ئەمجارە چومەوە شەرتبێ پڕ بە پرێسکەیەک سێو و گێلاست بۆ بێنمەوە

گەلاوێژ بە نیگا هەمیشە شەرمنەکەیەوە سەر هەڵدێنێ ، بەڵام هێندە دڵی بە قەڵافەتی پێشمەرگانەی ئەیوب خۆشە ،کە دڵ خورپەو ترسی چوونەوە بۆ ،ناوچەی لە بیر دەچێتەوە

-----

ڕێزان لە ماڵە جوان و پێشمەرگانەکەیاندا دانیشتووە خەریکی خوێندنەوەی کورتە نامەکەی حەمەیە کە نووسیویەتی:

"ڕێزانەکەم دەزانی دەبێ چیرۆکی ئەو خۆشەویستیەمان بە حەوت زمان بنووسرێتەوە

با هەموو عالەم بزانن کە ئێمە چەندەمان یەکتر خۆشدەوێ"

ئێوارەیەو حەمە و ڕێزان دەست لە ناو دەستی یەکتر بەدەم پیاسەی ئێوارانەوە سەر لە حەوشە جوان و سەر سەوزەکەی قەڵا دەردێنن و چەند وێنەیەکی جوان لە دوا ساتەکانی زستان دەچرکێنن .



بەدەم وێنا کردنی ئەو تابلۆ جوانانەوە شریخەی موشەک هەودای خەیاڵم دە ڕمێنێ و کۆشکی خۆشەویستی ئازیزانیشم خاپوور دەکا

--------

تریفە فاتیحی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چاپی «کابووس» و شۆڕشی ژینا



ڕەسووڵ سوڵتانی

بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆمانی "کابووس" نووسینی ئەحمەد گوڵشیری و وەرگێڕانی سۆما ناسری، بە پێویستی دەزانم لە پێشدا دوو پەرەگراف لە وەرگێڕانەکەی بخوێنینەوە جا بچینە نێو باسەکەوە.

تایبەت ئەو کاتەی کە "سمایلە تەپە" بەو ماتۆرە قەبەیەوە هاتبوو و لە کۆڵانی ڕووبەڕووی قوتابخانەکە وێستابوو. من ڕوحیشم ئاگادار نەبوو. بەسەری تۆ بەڕاستمە. ئیمتیحانی کۆتاییمان دابوو و خەریک بووین بەملی شکاومان لە قادرمەکان دەهاتینە خوارێ کە دیتم نادر هاتە لام.

**کاتی خۆی، سۆما گوتی حەزم لە وەرگێڕانە و دەمەوێ شتێک وەربگێڕم. داوای لە من کرد کتێبێکی پێ بناسێنم. منیش کە ئەو ڕۆمانە شیرینەم خوێندبۆوە و زۆر یادەوەریی منداڵیمی لێ بووژاندبوومەوە، پێشنیارم کرد بیکاتە کوردی. ماوەیەکی پێوە چوو، دیار بوو پەنجا لاپەڕەیەکی لێ وەرگێڕابوو، بۆی ناردمەوە. گوتی:**

***

بۆ نموونە یەکێک لە قسەکانیان ئەوە بوو کە کچە پووری پووری خاڵی، کە بۆ خۆی کەرێکە لەو دەشتەی، کاتێک زانیویەتی ئاوێنە و شەمدانەکەی زیوە، خۆشحاڵ بووە. ئاخر ئەوە قسەیە، تو خودا! هەموو قسەکانیان ئاوا بوو. کچان هەموویان ئاوان. تا دەگەنە لای یەکتر، باسی مێردی هاوڕێکانیان دەکەن، گوتم: "نادر لە ماڵە؟"

گوتی: "نا."

دیار بوو وەک سەگ درۆی دەکرد

گوتم: "نازانی لە کوێیە؟"

***

سەرنجدان و وردبوونەوە لەو چەند دێڕەی بەرایی ئەم نووسینە، پێمان دەڵێ، دەکرێ یەکەم بەرهەمیش بەرهەمێکی پوخت و پاراو و بەپێز بێ. نەجەفی دەریابەندەری کە یەکێکە لە ناودارانی بواری وەرگێڕان لە ئێران، یەکەم بەرهەمی خۆی لە زمانی ئینگلیزییەوە بە ناوی "سوورەگوڵێک بۆ ئێمیلی" کردووەتە فارسی. لە دەیەی چلی هەتاویدا. چیرۆکێکی جوانی ویلیام فاکنەرە. پێش مردنی لێی دەپرسن، قەت بە یەکەم کارتدا چوویەوە و هیچت لێ گۆڕی؟ دەڵێ نەخێر، ئێستاش کە سەیری دەکەم، هیچ کەمایەسییەکی تێدا نابینم تا دەستی تێ وەربدەم.

هەڵبەت یەکەم کار هەمیشە کەمایەسیی خۆی هەر دەبێ، بەڵام گرینگیشە کە یەکەم بەرهەمت بەرهەمێکی بەهێز بێت.

کاتی خۆی، سۆما گوتی حەزم لە وەرگێڕانە و دەمەوێ شتێک وەربگێڕم. داوای لە من کرد کتێبێکی پێ بناسێنم. منیش کە ئەو ڕۆمانە شیرینەم خوێندبۆوە و زۆر یادەوەریی منداڵیمی لێ بووژاندبوومەوە، پێشنیارم کرد بیکاتە کوردی. ماوەیەکی پێوە چوو، دیار بوو پەنجا لاپەڕەیەکی لێ وەرگێڕابوو، بۆی ناردمەوە. گوتی: "خاڵە ئەوەندەم کار لێ کردووە، ئەگەر بە دڵتە با بەردەوام بم، ئەگینا وازی لێ بێنم". خوێندمەوە، زۆرم بە دڵ بوو، یەک دوو وردە سەرنج و تێبینیم هەبوو، پێم گوت. ڕۆیشت. ناوە ناوە چەند وشەیەکی فارسیی بۆ دەناردمەوە دەیگوت ئەوانە چییان بۆ دانێم؟ زۆر جار دەمگوت من بۆخۆم تێگیراوییەکم دەبێ تەلەفۆن بۆ هەژێری فەرهەنگنووس دەکەم و لێی دەپرسم، کەچی سۆمای هاوسەری کە دڵنیام پێش من لەوی پرسیوە، دیارە دڵی بە وەڵام و هاوواتاکانی هەژێر دانەکەوتووە، بۆیە لە من دەپرسی. جا هەر جارێکی دەمگوت ئاوای لێ بکە، دەیگوت وەڵڵا خۆ هەژێریش وای گوت. بەهەر حاڵ، عادەتی مرۆڤە و پێی وایە گڵی دوور دەرمانە. ئیتر وەختێک

**بۆ چاپی «کابووس» لەگەڵ زۆر شوێنان قسەم کرد، دەستیان بە ڕووەوە نام. دەیانگوت بەداخەوە توانای کتێب چاپکردنمان نییە، کەچی حەفتەیەک دواتر، سێ چوار کتێبیان دەخستە بازاڕ، بەهەموویان تووڕێکی قەڵبیان نەدێنا.**

**سۆماش وەکوو من بەختەوەر بوو. بەختەوەر بوو لەوەدا کە ڕێی کەوتە نێو قوتابخانە مەزنەکەی دێموکراتەوە. شوێنێک کە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ پێ بگەن و بەرهەمێکیان هەبێ و تواناکانیان بپشکوێنن، لەبارترین کەشوهەوا و شوێنە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






سۆما لە وەرگێڕانی ڕۆمانی "کابووس" بۆوە، من هەم دڵخۆش بووم، هەمیش خەمێک دای گرتم. دڵخۆش بووم کە کتێبێکی وا شیرین بەو زمانە پاراوە کراوەتە کوردی، بەڵام خەمی ئەوە دای گرتم، کە بازاڕی چاپی کتێب لە هەرێمی کوردستان چەندە بێسەروبەر و خراپە. ئەوەی لێرە قەدری نییە وەرگێڕانی باشە. بەتایبەتی کتێبێک کە خۆیان بە وەرگێڕانیان نەدابێ، شاکاری ئەدەبییش بێ، بە پووشێکیان ناوێ. بۆ چاپی "کابووس" لەگەڵ زۆر شوێنان قسەم کرد، دەستیان بە ڕووەوە نام. دەیانگوت بەداخەوە توانای کتێب چاپکردنمان نییە، کەچی حەفتەیەک دواتر، سێ چوار کتێبیان دەخستە بازاڕ، بەهەموویان تووڕێکی قەڵبیان نەدێنا.

............

سۆماش وەکوو من بەختەوەر بوو. بەختەوەر بوو لەوەدا کە ڕێی کەوتە نێو قوتابخانە مەزنەکەی دێموکراتەوە. شوێنێک کە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ پێ بگەن و بەرهەمێکیان هەبێ و تواناکانیان بپشکوێنن، لەبارترین کەشوهەوا و شوێنە. شوێنێک پڕ لە مشتومڕی ئەدەبی و سیاسی و زمانەوانی. شوێنێک پڕ لە مرۆڤی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، کە بەردەوام هانت دەدەن بۆ زیاتر فێربوون. بەتایبەتیتر سۆما بە پێکهێنانی ژیان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی ڕووناکبیری خاوەن قەڵەم و بەمشوور فەزاکەی باشتریش بۆ خوڵقا. ئیدی لەو فەزایەدا هەرکەس خۆی پێ نەگەیەنێ، دەبێ دادگایی بکرێت. لەنێو حیزبی دێموکراتدا هەموو شتەکان دەست دەدەنە دەستی یەکتر، بۆ ئەوەی تۆ ببیتە کەس و کەسایەتییەکی جیاوازتر لەوی پێشووت.

**کابووس لە کاتێکدا چاپ بوو، کە بەداخەوە حیزبی دێموکرات لە ئەستەمترین بارودۆخی خۆیدا بوو، بەڵام لە ڕۆژهەڵات کوورەی شۆڕشی ژینا نێڵەی دەهات و کچان ببوونە پێشەنگ و ڕێبەری پیاوان.**

..........

کابووس چاپ بوو

کابووس لە کاتێکدا چاپ بوو، کە من بەداخەوە دەستی چارەنووس بەرەو شوێنێک هەڵیداشتبووم، لە ژیانمدا نە حەزم لێی بووە و نە بەتەمای بووم و نە بیریشم لێ کردبۆوە و نە ئێستاش تێیدا ئارامم. کابووس لە کاتێکدا چاپ بوو، کە بەداخەوە حیزبی دێموکرات لە ئەستەمترین بارودۆخی خۆیدا بوو، بەڵام لە ڕۆژهەڵات کوورەی شۆڕشی ژینا نێڵەی دەهات و کچان ببوونە پێشەنگ و ڕێبەری پیاوان. لەو دۆخەدا بەرهەمی ژنێکی تێکۆشەری نێو سەنگەری خەبات لە چاپ هاتە دەرێ. ئەوەش بەشێکە لە شۆڕشی ژن. شۆڕشێک بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، کە ژنان لە هەموو بوارێکدا بەتوانان، مەگەر لەو شوێنانەی خۆیان دەیانەوێ تواناکانیان دەرنەکەوێ.

ئەم قسەیەم بۆ بیستوپێنج، سی ساڵی ڕابردووییە. بۆ ئەو سێ دەیەیەی ئێستا، کە ئیدی بە کردەوە جیاوازیخستن لەنێو کچ و کوڕدا یان نەماوە، یان هێندە کاڵ بووەتەوە هەستی پێ ناکرێ. ئیدی کچان لە قوتابخانە و زانکۆکانن و ڕێژەیان لە کوڕانیش زیاترە. ئیتر کاتی ئەوەیە شۆڕشێکی دیکە بەرپا بکەن، شۆڕشێکی مەعریفی و زانستی. کاتی ئەوەیە ژنی کورد کتێبی لە خشڵ و بەرموور خۆشتر بوێ، ئەوە ڕەمزی سەرکەوتن و پێشکەوتن و ڕزگارییە. خشڵ و بەرموور، تۆق و کۆت و بەندی پیاوانە بۆ کۆیلەکردنی ژن. کتێب بخەنە سەرووی هەموو شتێکەوە، دڵنیا بن هیچ هێزێک ناتوانێ بتانچەوسێنێتەوە.

**ئیدی کچان لە قوتابخانە و زانکۆکانن و ڕێژەیان لە کوڕانیش زیاترە. ئیتر کاتی ئەوەیە شۆڕشێکی دیکە بەرپا بکەن، شۆڕشێکی مەعریفی و زانستی. کاتی ئەوەیە ژنی کورد کتێبی لە خشڵ و بەرموور خۆشتر بوێ، ئەوە ڕەمزی سەرکەوتن و پێشکەوتن و ڕزگارییە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاریگەریی هونەرمەند ناسر ڕەزازی لەسەر بزاڤی ڕۆژهەڵات



شەهرام سوبحانی

بێگومان هەر کەسێک تا ڕادەیەک گوێبیستی موسیقای کوردی بێ، ناوی هونەرمەند ناسر ڕەزازی بیستووە و لەگەڵ شاکارە هونەرییەکانی ئاشنایی هەیە، ڕەزازی وەک ناسنامەی موسیقای کوردی کاریگەری بەرچاوی لەسەر زیندووکردنەوە و گڕوتین بەخشین بە موسیقای کوردی هەبووە و جگە لە هونەر وپەرەپێدان بە موسیقای ڕەسەنی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بزاڤی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان گێڕاوە بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاوڕدانەوە لە کارنامەی هونەری ئەم کەسایەتییە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ڕەزازی یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە دوای هونەرمەندانی وەک: زیرەک، ماملێ موسیقای کوردی بە لووتکە گەیاندووە واتا تەواوکەری ئەو تابلۆوە هونەرییە کە پێ دەڵێن: هونەری ڕەسەنی کوردی و بەم کارە هەستی باوڕ بەخۆبوونی بەهەرتاکێکی کورد بەخشی.

بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگای باسە ئەوەیە کە ڕۆڵی ڕەزازی لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی ڕۆژهەڵاتدا چی بووە؟ چەندە کاریگەر بووە لەسەر بزواندنی هەستی لاوان و هاتنیان بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕش؟

هونەرمەند ناسر ڕەزازی هەر لە تەمەنی لاوەتیدا بە دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران، بەرانبەر بەژان و ئازارەکانی گەلەکەی لە ڕۆژهەڵات بێدەنگ نەبوو. بە هاتنە نێو ڕیزەکانی شۆڕش وەک پێشمەرگەی دڵسۆز و خەمخۆری گەلەکەی بە لە شان کردنی چەکی بەرگری لە کەرامەت و غروری نەتەوەکەی گرت. گیانی خۆی کردە قەڵغان و سپەری بەرگری لە شوناس و ناسنامەی گەلەکەی دوای چەند ساڵ خەبات وتێکۆشان کاتێک قۆناغەکانی شۆڕش گۆڕانکاری بە سەرداهات. دەستی لە خەبات و تێکۆشان هەڵ نەگرت و ئەمجارە وەک خەباتکارێکی گۆڕەپانی هونەر هاتە مەیدان و دوو چەمکی هونەر و شۆڕشی پێکەوە گرێدا و بە خوڵقاندنی هونەری شۆڕش و بەرگری دەروازێکی نوێی لە خەبات و تێکۆشان دژ بە داگیرکەران کردەوە.

لە خەباتی ڕەوایی میللەتەکەمان بۆ دەستبەر کردنی ئازادی، تێکۆشانی بێوچانی تاک بە تاکی کەسایەتییە ساسییەکان لە تابلۆی گۆڕەپانی سیاسی دیارە و جڕ پەنجەکانیان لە تابلۆی خەباتی کورد دەدرەوشێتەوە. بەڵام لە جێگایک کە هێزی چەک نەیتوانی بێ شوێندار بێ، لەم قۆناغەدا هێزی هونەر ئەو ئەرکە قورسەی وە ئەستۆی خۆی گرتووە و سنوورەکانی بزاندووە.

واتا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەپێ هەلومەرج و موقعییەتی ئەوکات لە سەردەمی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ٤٦ و ٤٧، وسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هەروەها جوگرافیایی سیاسی پارێزی ئیلام، لوڕستان، بەشێک لە شارەکانی کرماشان، کەڵک وەرگرتن لەسیاسەتی تەفرقە و ساز کردنی دووبەرەکی نێوان سونی وشێعە لەلایەن حکوومەتەوە. نەکرا ئەو ڕۆڵەی کە لە پارێزگای سنە و مەهاباد گێڕایان لە پاڕێزگاکانی خوارەوی کوردستانیش بگێڕن.

هەربۆیە هێزی هونەری دەسپێشخەر بوو تا ئەم بۆشایە لە خەباتی سیاسی نەتەوەکەمان پڕ بکاتەوە و بە هەموو بەشەکانییەوە بە بڕین و بەزاندنی سنوورەکان دەروازێکی نوێ لە خەباتی سیاسی و پڕۆسەی نەتەوە سازی گەلەکەمان کردەوە.


لە جێگایەک کە ستەمی نەتەوایەتی، سیاسی، ئابووری، کولتووری کە لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆر و توتالیتری کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر نەتەواکەماندا سپابوو و بەرۆکی خەونەکانمانی گرتبووەوە، لەم پەیوەندییەدا ڕەزازی بە چەکی خامە و هونەر وهزری خۆی بەرەنگاری ئەو ستەمە نەتەوەیە، سیاسی، ئابووری، کولتووری بووەوە.

بە خوڵقاندنی هونەری بەرگری و شۆڕش خەونی داگیرکەرانی زڕاند.


وەک خەباتکارێکی گۆڕەپانی پێنووس وهزر و هونەر تەختەکانی قوتابخانەکانەو و سەرشەقامەکانی کردە دەفتەری هەڵبەست، وتار، هونەری بەرگری و بە دەنگە حەماسەخولقێنەرەکەی کوردستانی کردە گۆڕستانی شەمشەممە کوێرەکانی جەماران، کردە گۆڕستانی خەبات و تێکۆشان بۆ یەکسانی و مافخوازی و دادپەروەری لە دژی هەر چەشنە زێهنییەتی چەوسێنەر وستەمکار وکۆنەپەرستی. بە زمان و هونەری شیرینی کوردی پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەکەی کرد.

ئاواز و شێعرەکانی بوون بە دەنگی کپکراوی زیندانییانی سیاسی، بوون بە بۆمەلەرزەی کۆشی شەمشەممە کوێرەکانی جەماران پێنووس و وتار. بوون بە هاندەر بۆ لاوانی ڕۆژهەڵات بوون بە وانەی خۆڕاگری و خۆشەویستی نیشتمان ئاوازی ئەی شەهیدان، گۆمەشین، بوون بە لایە لایەی سەر لانکەی منداڵانی کورد تا هەر لە منداڵییەوە بیرو هزری نەتەوەیی لە مێشکیاندا چەکەرە بکا و ئازایانە بێنە مەیدان.

بێگومان دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هەر کۆمەڵگایک ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەمی نووسەران، شاعیران،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



هونەرمەندان هەیە. هەر وەک ئالبێر کامۆ دەڵێ: هەبوونی ئێمە هونەرمەندان، شاعیران، نووسەران تەنیا یەک هۆکاری هەیە قسەی دڵی خەڵک کردن یان بە واتایەکی تر وانە نەوتراوەکانی کۆمەڵانی خەڵک کە لە ژێر چەپۆک و ڕەکیفی داگیر کەران دان.

کاریگەرییەکانی ئەم کەسایەتییە(ناسری ڕەزازی)بریتین لە:

گەشە پێدان بە بیرو هزری ناسیونالیستی لە پارێزگا ستراتیژیکەکانی کوردستان(کرماشان، ئیلام، لۆرستان)

دوژمنانی کوردستان بە هەموو مێتۆدێک هەوڵ دەدەن کە بیرو هزری نەتەوەیی لەم پارێزگاگەلە کەمڕەنگ کەن و جگە لە گۆڕینی جوگرافیای ناوچەکە هەر شتێکە بۆنی پێناسە بدا دەیسڕنەوە.

هەر لە ڕابردووەوە بە کەڵک وەرگرتن لە سیاسەتی تەفرەقە و ئایینزایی و دووبەرەکانی نێوان سونی، شێعە هەوڵی جیاکردنەوەی کوردکانیان لەم پارێزگاگەلە داوە. ڕەزازی وەک هەر بیرمەندێکی کورد هەستی بەم سیاسەتەی دوژمنان کرد و بە خوێندنی شێعر وگۆرانی خوەم کرماشانی، کرماشانەکەم یان لە جێگایێک دەڵێ: ناوت سەر ڕەستەی تاریخ ئێمەس وە بێ کرماشان کوردستان دی چەس، ئەگەر ئێمەی کورد ڕزگارمان بۆد ئیلام کرماشان داژدارمان بۆد یان پێشکەشکردنی دەیان بەرنامەی جۆراوجۆر بە زاراوەی شیرینی کەلهوڕ، بیر وهزری نەتەوەیی لەم پاریزگاگەلە گەشە پێدا کە ئاکامەکەی لەودا دەردەکەوێ کە ساڵانە هەزاران کەس پێوەست دەبن بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە و خۆیان بە بەشێکی گرینگ و دانەبڕاو لە خاکە پیرۆزەکەی کوردستان دەزانن.

هەست بزواندنی لاوان و هاتنیان بۆ نیو ڕیزەکانی شۆڕش

هێزی هونەر لە هێزی چەک بە بڕشتترە. واتا دوژمنان ڕەنگە بتوانن چەکەکانمان لێ بسێنن، بەڵام قەد ناتوانن بیر و باوڕمان لێ بسێنن بۆیە هونەر بۆ موسەلەح کردنی مێشک ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕی وەک ئاوازی من کۆبانیم، سڵاو پێشمەرگەی قارەمان، دەلالۆ و...هتد کە بووە هۆی بزواندنی هەستی لاوانی ڕۆژهەڵات و شۆڕشێکی زێهنی درووس کرد کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆ نەسلی نوێ و جیلی نوێ دەگوازرێتەوە.

زیندووکردنەوەی زمان، کولتووری کوردستان و پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتی ئاسمیلاسیون/ئەنفالی سپی

فەرهەنگ و زمان وەک دوو فاکتەری سەرەکی بۆ پێناسەی کورد بوون دێتە ئاراوە کە دوژمنانی ئێمە هەوڵ دەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە سیاسەتی ئاسمیلاسیون/ئەنفالی سپی، هەر شتێکە بۆنی پێناسەی کورد بوون بدا بیسڕنەوە تا بتوانن نەتەوەی ژێردەست بهێنە ژێر ڕەکەیفی خۆیان و لەناو خۆیاندا بیتوێننەوە، بەڵام خەونەکانیان بە ئاکام نەگیشت.

چۆن کوردستان خاوەن بیرمەندانێکی وەک ڕەزازییە

خاوەن بیرێکی وەک ڕەزازی کە لە ئێستا دا بووتە سەرچاوە بۆ زمان و کولتووری کوردی بەم ئاستە لە زانینی وای کردوە کە دەس بداتە نووسینی چەندین کتێب کە وەک سەرچاوەێکی باوڕپێکراو بەرگری لە ناو چوونی زمان و کولتووری کوردی دەکا. یان لە ئاوازەکانیدا بەم شێوە ئامۆژگاری نەتەوەکەی دەکا کە زمان و کولتووری خۆی بپارێزێ، کیژە کوردە کەی ئەرێ باوان کۆڵوانە لەشان هەر بەو جلە کوردییەوە خۆت بەرە نیشان، کوردی بپۆشە، کوردی بنووسە وە زۆان کوردی بۆ کورد تێبکۆشە یان دورینی جلی کوردی بە شێوازی ڕەزازی بوەتە باو لە نێو کوردستان کە ئاکامی بەرگری لە ناوچوونی کولتووری کوردستانە و پەرە پێدان بەو کولتوورەیە.

ـ بەخشینی هەستی باوڕ بەخۆبوون بە هەر تاکێکی کورد

داگیر کەرانی کوردستان بۆ ڕووخانی هەستی باوڕبە خۆ بوونی کوردەکان کەڵک لە هەر چەکێک وەردەگرن وەک چەواشەکاری مێژووی ڕاستەقینە و ڕووخانی کەرامەتی کورد تا ئێمە وەکوو قەوم و شارومندێکی دەرجە سێ لەقەڵمان بدەن تا نەتوانین داوای مافی سیاسی خۆمان بکەین تا نەتوانین ببین بە کەسێکی سەرکەوتوو چۆن دوژمنان لە دەرکەوتنی کورد دەترسن و هەرتاکێکی کوردیش ببێتە کەسایەتی بەئێرانی لە قەڵەمی دەدن. ڕەزازی لە بەرابەر ئەم سیاسەتە هەڵویستی نواندوە و بە پێشکەش کردن و لێدوان دەری لە دەیان بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەت لە کەناڵەکانی وەک BBC، کوردکاناڵ، کوردسات و..هتد.

هەستی باوڕبەخۆبوونی بە هەر تاکێکی کورد بەخشییەوە

ـ پێکهێنانی یەکییەتی نێوان پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات

کەسایەتییەکانی کوردستان کاتێک چاو لە مێژوو دەکەن یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بە ئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوەکانی کوردستان بە نەبوونی یەکیەتی فیکری وسیاسی دەزانن هەربۆیە ڕەزازی وەک ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد هەستی بەم بۆشایە کرد و هەوڵی دا بە خوێندنی گۆرانی بە زاراوە جۆراوجۆرکانی زمانی کوردی یەکیەتی نێوان کوردەکان درووس بکات. چۆن کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە دەوڵەمەندی زمانی کوردی هەوڵی جیاکردنەوەی کوردەکان لە یەک دەدا و وەک نەتەوەیەکی جیاواز ناودێریان دەکا وەک ئەو کارەی کە لە لۆرستان دەیکا تا کوردستان نەتوانێ یەکگرتووبێت. چۆن دەزانێ ڕەمزی سەرکەوتنی کورد لە یەکگرتووی دایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند دێڕ لەسەر «کتێبی ژینای ئازادی»
## لەلایەن نووسەری کتێبەکە




ژینا بوو بە هێمای شۆڕش و شۆڕش بوو بە کالاَیەک بە خەڵفی بالاَی ژینا بڕا و هەتا ئێستەیش بڵێسەی ئاگری ئەم شۆڕشە، تاریکایی دڵی دەیانساڵەی خەڵکی بەشمەینەتی ڕووناک کرووەتەوە و هەتا هەڵاتنی خۆری ڕزگاری، ئەم ڕووناکییە دژی بە شەوەزنگی دەسەڵاتی توتالیتەری( Totaliter) کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە و خەڵک لەسەر مافی ڕەوای خۆیان کۆڵ نادەن.

زۆرینەی شاعیران و نووسەران، هەرکام بەپێی توانا، لەسەر مەرگی خودی ژینای جوانەمەرگ و شۆڕشی ژینا، چ وەک شیعر و پەخشان، چ وەک چیرۆک و وتار، بەرهەمیان خوڵقاند کە هەرکەس لە لاپەڕەکانی خۆی لە سوسیال میدیا بڵاوی دەکردەوە چەند کەسێک دەیانخوێندەوە و لە بەینی ئەو بابەتانەی لە ڕۆژا بڵاوی دەکردەوە، ئەو دەقەی کە بۆ ژینا و شۆڕشەکەی بوو، ون دەبوو و دەچووە خانەی فەرامۆشییەوە. بەتایبەت ئەو کەسانەی کە بۆیان ناکرێ و ناتوانن بەرهەمەکانیان بە شێوەی کتێب بڵاو بێتەوە، هەتا ئەو دەقەش لەبەر تیشکی ڕووناکی کتێبدا بدرەوشێتەوە!

بەڵام، بۆ ئەوەی ئەم دەقانە پرژوبڵاو نەبن، گرد و کۆ بکرێنەوە و لە فەوتان ڕزگاریان بێ و ببنە ئەرشیڤێک بۆ مێژووی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و دروشمی پێشکەوتنخوازانەی ژن ژیان ئازادی، هەوڵ درا لە ڕێگەی بانگەواز لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە ئەدیبان و نووسەرانەوە، کۆمەڵێک بەرهەم بگاتە دەستمان و ئێمەیش ڕێکوپێکیان بکەین و لە دوتوێی کتێبکدا بۆ چاپ ئامادە بکرێ و لە ڕێگەی ئەدەبەوە مێژوویەکی زێڕین بە زیندوویی بهێڵینەوە. خۆشبەختانە زۆرینەی ئەو کەسانە کە پەیوەندیمان پێیانەوە گرد، دەقەکانیان بۆ ناردین کە جێگەی دەستخۆشی و پێزانینە.

ئەم کتێبەی کە دێتە بەردەستی ئێوەی خوێنەری هێژا و بەڕێز، نزیک چوارمانگی خایاندووە و لەم ماوەیەدا زەحمەتێکی زۆری ویستووە، بەڵام عیشق بە ئازدی و شۆڕشی نوێ، هەر سات دڵمانی گەرمتر و ورەمانی بەرزتر کردووەتەوە.

ئەوە ئێوە ئەوە کتێبی "ژینای ئازادی لە ئاوێنەی ئەدبدا"!

پێشکەشە بە گڵکۆی پیرۆزی ژینا و شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و کەنیشکان و کوڕانی وڵات و هەموو شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ژینا.

براتان: شاڕۆخ ئەرژەنگی و جەلال هانیسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە

٧٧ ساڵ بەر لە ئێستا و لە سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بە سەرۆککۆماری پێشەوا قازی محەممەد، لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کە کورد بۆ یەکەمجار توانی سەروەریی خۆی بەدەستەوە بگرێ، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا.

لە سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا، کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ڕەخسا بوو تا هەوڵی بونیادنانی نیشتمان و نەتەوەی خۆیان بدەن. بێگومان هەوڵی زۆریشی بۆ درا، بەڵام تەمەنی کورتی کۆمار و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئێران بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتی هەر ئەوەندە دەرفەتی دەدا تاکوو کۆمەڵگەی کوردستان بە ڕێکخراو بکرێت و یەکیەتیی ژنان و لاوان دوو دەسکەوتی گرنگی ئەو دەورانەن کە توانییان ئەو دەرفەتانەی کە پێشتر بۆ تێکەڵبوونی ژنان و لاوان بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری و … نەڕەخسابوو، بڕەخسێنن.

ئاکامی دروست بوونی ڕێکخراوی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بەوەی کە ژنان گەرچی چوارچێوەدار و کەم بەڵام توانییان فێری کاری ڕێکخراوەیی بن و دەبینین بە تێپەڕ بوونی کات ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەتی ژنانی کورد لە مافەکانیان چەندە گەشەی کردووە، بۆ نموونە کاتێک دێینە قۆناغی شۆڕشی گەلانی ئێران، کار و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و … ژنان دەچێتە فازێکی دیکە و ژنان گەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا تەنیا لە چوارچێوەی یەکیەتیی ژناندا چالاکییان دەکرد، ئەوجار دێنە گۆڕەپانی خەبات و شان بەشانی پیاوان دژی داگیرکەران و بە مەبەستی دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەیان و هەروەها دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان لە ئاستێکی دیکەدا درێژە بە خەبات دەدەن.

بەڵام ئەوجار لە شۆڕشی «ژینا»دا، ژنان پێشەنگایەتی خەباتیان نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو ئێران بە دەستەوە گرت و هەموومان بینیمان کە چۆن دوای شەهید بوونی ژینا، بە دروشی ژن، ژیان، ئازادی جڵەوی شۆڕشەکەیان بەدەستەوە گرت.

کەواتە بە ئاوڕدانێکی کورت لە خەباتی ژنان، دەبینین کە چەندە تێگەیشتن و پێشکەوتنی ژنان بەرچاوە، لە سەردەمی کۆماردا ڕێکخراویان بۆ دادەمەزرێ، لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا تێکەڵ بە خەبات دژی داگیرکەر دەبن و لە شۆڕشی ژینادا دەبنە ڕێبەر و پێشەنگی ئەو شۆڕشە.

بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەشمان لەبیر بێ کە پیاوان و کوڕانی یەکسانیخوازی کوردستان نەک هەر ڕێگر نەبوون لە هەمبەر ئەو دەسکەوتە مەزنە، بەڵکوو هاوکار و پشتیوانیی ژنان بوون. بێگومان ئازادبوونی ژن لەو قەید و بەندانەی کە دەسەڵاتە داگیرکەرەکان و هەروەها داب و نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەسەریدا سەپاندووە، دەتوانێت وەکوو چۆن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەیە و کەس موڵکی کەس نییە، وامان لێدەکات هەموومان ئازاد بیر بکەینەوە و ئازاد بژین، دڵنیاشم ئەوکات نەتەوە و نیشتمانەکەیشمان ئازاد دەبێت.

لە بەرانبەر ئەو پێشەنگایەتییەدا کە ژنان هەیانە، کۆماری ئیسلامی کە لە بنەڕەتدا دژی ئازادی ژنان و مافی یەکسانە، پیلانی جۆراوجۆری تا ئێستا دژی گوتاری «ژن،ژیان، ئازادی» گێڕاوە. یەک لەوان ژەهراویکردنی کچانی قوتابخانەکانی ئێران و کوردستانە، بەو خەیاڵەی کە چۆن تاڵیبان لە پاکستان و ئەفغانستان قوتابخانەکانیان داخست و کچانی قوتابییان دابەر دەسرێژی گوللە، بە ژەهراویکردنی کچانی قوتابی، ئەو ڕێگە و ڕێچکە پێشکەوتووانە کوێر بکاتەوە و ڕێگە نەدات ئەو جیلە نوێیەی کچان کە پێشەنگایەتی شۆڕشەکەیان تا ئێستا کردووە، شۆڕشەکە بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنن.

بەڵام داواکارین هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران بە ژن و پیاوەوە، نەورۆزی ساڵی تازە بکەن بە وێستەگەیەکی نوێ بۆ کۆتایی پێهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بیرە دواکەوتووەکان بە پێشەنگایەتی ژنان.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٤ی ڕەشەمەی ١٤٠١ی هەتاوی**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مزگێنی دا بە سروەی بای وەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری

بە تیشکە تێک شکا سوپای کرێوە
هەواری ڕۆژ گەییشتە خاکەلێوە

فەرمان درا بە سەوزە سەر هەڵێنێ
چیدی لە بەندی خاکی ڕەش نەمێنێ

با دەرکەون ، کوڵ و کەسەر بنێژن
با ڕۆژی ڕزگای بکەن بە جێـژن

شەماڵ گەواڵ گەواڵ هەور بنێرێ
ئاهەنگ و بەزمی جەژنی پێ بسپێرێ

حیلکانەوە لەو موژدە ئاودرخڕ
ڕەش بونەوە ڕیشی سپی چیای چڕ

چڵوو گەشایەوە و بزەی سەر لێو
پۆتڕاکی خۆی ڕازاندەوە بە گۆی زێو

هەور لە دەشت و شیو و پۆپە شاخان
کردی بە تۆپ تەقاندن و چراخان

مراری بێ ژماری دا دەباراند
لە دار و دەر، ڕووتی و نەداری تاراند

شەماڵە گاڵە گاڵیەتی و لە کارە
هەڵگرنەوە شاباشی شای بەهار

شینکە بە گەل، لە گڵ سەری دەرێنا
هەر یەکە چەند قل و پەلێ بە شوێنا

خڕی بەڕۆک پڕن لە دەنکە باران
تازە و تڕن بۆ کۆڕ و بەزمی یاران

نەورۆزە مشتی پڕ گەڵای تەڵایە
هەر کارگە بێ بەڵا بێ ، بێ گەڵایە

ئەگەر چی ساوایە بەهار و باشە
لە چاوی بەد بەدوور بێ گیا هەراشە

بە یەک یەکە و بە کۆ لە دەشت دەردا
وەک کیژە کورد هەمووی گوڵی لە
سەردا

شالوور و بولبول سەرەڕۆی ئەوینن
هەر چاوە چاویانە گوڵان ببینن



هەر مەلە بۆ گوڵی دڵی دەخوێنێ
هەر گوڵە بۆ دڵداری خۆی ئەنوێنێ

نەرگسی مەست لە زەردە زێڕە زیزە
بە جوانی خۆی دەنازێ ، زۆر بە فیزە

وەنەوشە مل کەچە لە حاند پەپوولە
ڕێ یداوە بێ وتەی مەلا و پسوولە

وا کیژ و لاویش دەچنە دەر لە دێوە
لە ڕێوە تێکدەگەن ژوانگە کێوە

گۆرمزە، مام ڕێواس و هەندرێشن
بۆ دڵتەڕان بەهانەن و لە جێشن

گۆووەند لە کەوشە، دوور لە وشکە سۆفین
دەرفەتە مەم گوشین و هەڵگلۆفین

شادن بە یەک مەل و گوڵ و دڵ و دڵ
بەیەک ئەگەن لە بن دەوەن لەسەر چڵ

هەر من لە دووری تۆ هەژار و داماو
دەڕوانمە ڕێگەکەت بە چاوی پڕ ئاو

بەشم هەتا لەشم لە تۆوە دوورە
هەنیسک و هەڵمژینی ئەشکی سوورە

خشڵی گوڵان! بەژن ئەمامی چاو کاڵ
وەرە دەرمخە لەو ژیانی واتاڵ

من بولبولم لە ناڵەدا بەزاندن
گەرم و گوڕی دڵم دڵی تەزاندن

بمگەیە خۆ بنوێنە،دڵ بستێنە!
بازاڕی گەرمی نازی گوڵ بشکێنە

مامۆستا هەژار

سەری ساڵ و نەورۆزی ٢٧٢٣ی کوردی پیرۆز بێ

بەڕێوەبەری گۆڤاری «ژنان» و بەشی ڕاگەیاندنی
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# Women

Democratic Women Union of Iranian Kurdistan

No: 60 Date: March 2023



## Women, Life, Freedom

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org